


کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٠١٤ی کوردی - ژانویەی ٢٠١٥ زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




**ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ١ | مانگی ژانویەی : ٢٠١٤ | | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی ژانویەی ٢٠١٤ | کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ شەوی بەبۆنەی نوێبوونەوەی ساڵی ٢٠١٤ زایینی ڕێوڕەسمێکی لە شاری ترۆندهایم بە بەشداریی کوردانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە برد. |  |
| ٢ | ٤ی ژانویەی ٢٠١٤ | لە ڕێوڕەسمێک دا کە بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات و بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو، یادو بیرەوەریی خوالێخۆشبوو کاک محەممەد سوڵتانی، ناسراو بە محەممەد گازۆڵی بەرز ڕاگیرا. |  |
| ٣ | ٥ی ژانویەی ٢٠١٤ | بەڕێزمستەفا مەولوودی جیگری سکرتێری گشتی حیزب لە بەرنامەی "دیداری تایبەت"ی کورد کاناڵدا، لە ئاکامی دانیشتنەکانی هەر دوو لای دیموکرات دەدوێ. |  |
| ٤ | ٧ی ژانویەی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا پێکهاتوو لە دوکتور سەعید شەمس و مەولوود سوارە لەگەڵ لۆرد ئێریک ئێفبیری, جێگری کۆمیتەی مافی مرۆڤ لە پارلمانی بریتانیا کۆبونەوە. |  |
| ٥ | ١١ی ژانویەی ٢٠١٤ | بەڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمی ٢ی ڕێبەندان ٦٨ مین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان. کەلە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان،کومیتەی ڕۆژئاوای کانادا - ڤانکۆڤێر، |  |
| ٦ | ١٢ی ژانویەی ٢٠١٤ | بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی مەولوود، جێژنی لە دایکبوونی حەزرەتی محەممەد پەیامێکی ڕوو بە موسوڵمانان بڵاو کردەوە. |  |
| ٧ | ١٢ی ژانویەی ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٢٣ بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری، ڕاگەیاندراوە فەرمەییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچاکی کومیتە و ئۆرگانەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٨ | ١٣ی ژانویەی ٢٠١٤ | دیدارێی نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا لەگەڵ بەڕیزان کەمال ئامێدی بەرپرسی ناوچە و کاک خوسرەو ئاژگەیی کارگێری ناوچە و بەرپرسی ڕێکخستنی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا. |  |
| ٩ | ١٥ی ژانویەی ٢٠١٤ | ژمارەی ١٣٩ گۆڤاری دنیای منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە. دنیای منداڵان، گۆڤارێکی مانگانەی هەمەڕەنگی منداڵانە کە ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاوی دەکاتەوە. |  |
| ١٠ | ١٨ی ژانویەی ٢٠١٤ | بەبەشداریی بنەماڵەی پێشمەرگەی کۆچکردوو کاک برایم کانیەزەردی و سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، ڕێوڕەسمی پرسەو سەرەخۆشیی خوالێخۆشبوو کاک برایم کانیەزەردی بەڕێوە چوو. |  |
| ١١ | ١٨ی ژانویەی ٢٠١٤ | هەیئەتێک لە دۆستانی کورد و حیزبی دێموکڕات پێکهاتوو لە ئێحسان قادر، وتەبێژی کۆنفرانسی پارتە کوردستانییەکان لە بریتانیاو پرۆفسۆر فیلیپ ڕۆبینس، لێکۆڵەرەوە لە بنیاتی "چاتهام هاوس" کە ناوەندێکی فیکریو لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و لۆبیگەریی بەپرستیژی بریتانیایە، سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ١٢ | ١٨ی ژانویەی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی کۆمیتەی نۆروێژی یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کە پێکهاتبوون لە بەرێزان ، مەحبوب ڕەحیمی، فەوزیە ئەحمەدی، نەمام زەرینفام و حەلیمە ئسماعیلی بەشداریان لە کۆنفراسی یەکێتی ژنانی حیزبی سوسیالیست چەپی نۆرویژ کە بە ڕەسمی لە لایەن ئەو ڕێکخراوەیەوە بانگهێشت کرابوون کرد. |  |
| ١٣ | ١٨ی ژانویەی ٢٠١٤ | بەشی پەروەردە و ڕاهێنانی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ سمینارێکی سیاسی بۆ بەڕێز مەریوان نستانی سەبارەت بە "لاوانی کورد لە دەرەوەی وڵات" پێک هێنا. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٤ | ١٨ای ژانویەی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی نوێنەرایەتی کۆمیتەی ئۆرێبرووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرەستی کاک کەریم بابەکری بەرپرسی کۆمیتەی حدک لەو شارە، بەشداری لە کۆنگرەی ساڵانەی کۆمەڵەی کوردی کرد. |  |
| ١٥ | ١٩ای ژانویەی ٢٠١٤ | کومیتە ناوچەی ئۆستفۆلدی حدک لە نۆروێژ کۆبوونەوەیەکی ئامووزشی بۆ ئەندامانی حیزب لەو ناوچەیە پێکهێنا. کۆبوونەوەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی سورخەڵاتی کوردستان، بە تایبەت دوایین تێکۆشەرانی کۆچ کردوو، کاک محمد گازۆری و کاک برایم کانییە زەردەی دەستی بە کارەکانی کرد |  |
| ١٦ | ١٩ای ژانویەی ٢٠١٤ | شاندێکی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر، پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی و حسن کاکیلی سەردانی مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانیان لە هەولێر کرد و لەلایەن رزگار علی، بەرپرسی نوێی مەڵبەندو ئەندامانی دیکەی مەڵبەندەوە، پێشوازییان لێ کرا . |  |
| ١٧ | ١٩ای ژانویەی ٢٠١٤ | شاندێکی حیزبی دێموکڕات لە کۆنفرانسی ئێعدامی ٢ دا بەشدار بوو کە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ای ژانویە لەلایەن ئەنجوومەنی توێژەرانی ئێرانەوە لەسەر مافی ژیان و سزای مەرگ لە کۆڵنی ئاڵمان گیرا. |  |
| ١٨ | ١٩ای ژانویەی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پیرانشار بەبۆنەی هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چالاکیی تەبلیغییان کردوە. |  |
| ١٩ | ١٩ای ژانویەی ٢٠١٤ | کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لەبەرەبەری ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان سمینارێکی لە ژێر ناوی " لێکدانەوەی مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان" بۆ ئارش لوڕستانی، کادر ڕاگەیاندنی حیزب بەڕێوە برد. |  |
| ٢٠ | ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٢٤ بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری، ڕاگەیاندراوە فەرمەییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچاکی کومیتە و ئۆرگانەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٢١ | ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بانە بە چالاکیی بەربەرینی تەبلیغی بەرەو پێشوازیی هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چوون و بەبڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی ڕێبەرانی شەهید، بە تایبەت پێشەوای سەرۆکۆمار لەگەڵ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان پەیمانی وەفایان نوێ کردۆتەوە. |  |
| ٢٢ | ٢١ی ژانویەی ٢٠١٤ | لێکدانەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر باسی پێداچوونەوە بە پارێزگای ورمێ و دروستکردنی پارێزگایەکی دیکە. | |
| ٢٣ | ٢١ی ژانویەی ٢٠١٤ | پەیامی هاوبەشی یەکیەتی ژنانی دیموکڕاتی کوردستانو یەکیەتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان : هەر شەکاوە بێ ئاڵای کۆماری کوردستان. سڵاو لە درێژەدەرانی ڕێگای پێشەوای کورد قازی محەممەد. بەرز و پیرۆز بێ ٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان | |
| ٢٤ | ٢١ی ژانویەی ٢٠١٤ | پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بۆنەی ٦٨ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان : لە ٦٨ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان دا، جارێکی دیکە وەفاداریمان و پێداگریمان لە سەر ڕێگاو ئامانجەکانی ئەم کۆمارە و سەر کۆماری شەهید پێشەوا قازی محەممەد دووپات دەکەینەوە. | |
| ٢٥ | ٢١ی ژانویەی ٢٠١٤ | بۆ بەرزراگرتنی شەست و هەشتەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان، کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە یارمەتیی کۆمیتەی پشدەر و بتوێنی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب، سیمینارێکی بۆ دوکتور ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامی ڕێبەری حیزب لە شاری قەڵادزێی باشووری کوردستان پێک هێنا. |  |
| ٢٦ | ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ڕەبەتیش بەبۆنەی هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەبڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهید و تراکتی پێوەندیدار بە دووی ڕێبەندان لە چەند جێگەی شار وەک کەمەربەندی، پارکی شار و شەقامی لەیلانە چالاکیی تەبلیغییان کردوە. |  |
| ٢٧ | ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مەهاباد بەبۆنەی هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چالاکیی تەبلیغییان کردوە. |  |
| ٢٨ | ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٤ | بەبەشداریی سەدان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات و کۆمەڵێک میوان یادو بیرەوەریی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بەرز ڕاگیراو لەگەڵ ئامانج و ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد پەیمانی وەفا نوێ کرایەوە. |  |
| ٢٩ | ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەقز بە چالاکیی بەربەرینی تەبلیغی بەرەو پێشوازیی هاتنەوەی ٢ی ڕێبەندان، ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان چوون و بەبڵاو کردنەوەی تراکت و وێنەی ڕێبەرانی شەهید، بە تایبەت پێشەوای سەرۆکۆمار لەگەڵ ئامانجەکانی کۆماری کوردستان پەیمانی وەفایان نوێ کردۆتەوە. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com



| | | |
|---|---|---|
| ٣٠ | ٢٢ی ژانویەی ٢٠١٤ | لە ٦٨ مین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی یەکەمین حکومەتی مۆدێرنی کورد، لە ٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاو و بە سەرۆکایەتی پێشەوای مەزنی گەلەکەمان قازی محەممەد، کاناڵی تەلەفزیۆنیی ڕوودا، وتووێژێکی لەگەڵ بەڕێز دکتۆر ئاسۆ حەسەنزادە، ئەندامی ڕێبەری حدک پێک هێنا . |
| ٣١ | ٢٤ی ژانویەی ٢٠١٤ | کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هاوکاری یەکیەتی‌یەکانی ژنان، لاوان و کۆمەڵەی کولتوری کوردی، ٦٨ مین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان جەژن گرت و شەوئاهەنگێکیان بەم بۆنە پیرۆزەوە بۆ کوردانی دانیشتوویی نۆروێژ پێکهێنا. |
| ٣٢ | ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٤ | بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ٢ی ڕێبەندان ٦٨ مین ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەبەشداری حیزبی و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد و بیانی و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب و هۆگرانی کۆماری کوردستان لە ساڵۆنی ماشتا لە ستۆکهۆڵمی سوئید. |
| ٣٣ | ٢٥ی ژانویەی ٢٠١٤ | دوو هەیئەتی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەگەڵ بیروڕا گۆڕینەوە لەسەر چەند پرسێکی تایبەت بە ئێران و کوردستان، جەختیان لە سەر هاوکاری و هاوهەڵوێستیی نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە. |
| ٣٤ | ٢٦ی ژانویەی ٢٠١٤ | بە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێک یادو بیرەوەریی شەست و هەشت ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری تۆرۆنتۆی کانادا بە بەشداریی حیزب و لایەنە سیاسیە کوردستانییەکان و کوردانی هۆگری کۆماری کوردستان بەڕیوە چوو. |
| ٣٥ | ٢٦ی ژانویەی ٢٠١٤ | ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان : بەو بۆنەیە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری حاجی ڕەحیم خەرڕازی دەکاو خۆی بە شەریکە خەمو ماتەمینیی ئەو بنەماڵە سەربەرزە دەزانێ. |
| ٣٦ | ٢٨ی ژانویەی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر سەردانی ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی بزوتنەوەی گۆڕانی لە هەولێر کرد لە لایەن شاندی خانەخوێ پێشوازییان لێ کرا. |
| ٣٧ | ٢٩ی ژانویەی ٢٠١٤ | کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانلە درێژەی کارو چالاکییەکانی حیزب بەبۆنەی ساڵرۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان سمینارێکی بۆ عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لە ژێر ناوی " دادوەری لە کۆماری کوردستاندا" پێک هێنا. |
| ٣٨ | ٢٩ی ژانویەی ٢٠١٤ | بەشداریی هەیئەتی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کۆنفرانسی لاوانی چوارپارچەی کوردستان دا بە بەشداریی ٣٠ ڕێکخراوەی تایبەت بە لاوان و بە میواندارییی ڕێکخراوی "ئازادی لاوانی کوردستان"و، بە درووشمی " ئیدارەی سەربەخۆی ڕۆژئاوای کوردستان، سەنبولی نەتەوەییمانە، ئەیپارێزین" لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو، |
| | | سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا |







سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی فێوریەی ٢٠١٤ | بە بەشداری بنەماڵە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەشێکی بەرچاو لە دۆستانی حیزب و کوردانی دانیشتوی وڵاتی ئاڵمان، ڕێورەسمێک بە بۆنەی ٦٨ مین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە چوو. |  |
| ٢ | ١ی فێوریەی ٢٠١٤ | ڕێورەسمێکی پرشکۆ بە بۆنەی ٦٨ مین ساڵ یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان، لە شاری گریوە ی ناوچەی شیلەندی دانمارک, بە بەشداری ڕادەیەکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتە بە ڕێوەچوو. |  |
| ٣ | ١ی فێوریەی ٢٠١٤ | لە سەربانگهێشتی رەسمی ڕێکخراوی حیزبی کمونیستی ئێران، کۆمەڵە، هەیئەتێکی کومیتەی سوئێدی حیزبی ێیموکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە هاوڕێیان کاک فاتح ئارەش و حەسەن ئەهوەن بەشدارییان لە ساڵرۆژی دامەزرانی کۆمەڵە کرد. |  |
| ٤ | ٢ی فێوریەی ٢٠١٤ | ڕۆژی رابردوو هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە حەسەن قادرزادە و عومەر باڵەکی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و برایم زیوەیی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی سووریەیان کردو لە لایەن کومیتەی هاوکاریی ئەنجوومەنی نیشتمانی پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٥ | ٢ی فێوریەی ٢٠١٤ | کۆمیتەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هاوکاری یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بۆ ڕێز گرتن لە ٦٨ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان، ئاهەنگێکی بەشکۆیان لە شاری ترۆندهایم پێکهێنا. |  |
| ٦ | ٢ی فێوریەی ٢٠١٤ | کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە مەلبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن ڕێوڕەسمێکی پڕ شکۆ بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٦٨مین ساڵەوەگەڕی دامەزرانی کۆماری کوردستان بەڕێوە برد. |  |
| ٧ | ٢ی فێوریەی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە حەسەن قادرزادە و عومەر باڵەکی ئەندامانی دەفتەری سیاسی و برایم زیوەیی ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەردانی بارەگای ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی سووریەیان کردو لە لایەن کۆمیتەی هاوکاریی ئەنجوومەنی نیشتمانی پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٨ | ٤ی فێوریەی ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٢٥ بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری، ڕاگەیاندراوە فەرمەییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچاکی کومیتە و ئۆرگانەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٩ | ٥ی فێوریەی ٢٠١٤ | شاندێکی بزووتنەوەی چاکسازیی کوردی سووریە پێکهاتوو لە حواس عەگید و جدعان علی سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە هەولێریان کردو لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبو حەسن کاکیلی، کادری پێوەندییەکانی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا . |  |
| ١٠ | ٦ی فێوریەی ٢٠١٤ | شاندێکی پارتی یەکێتی دێمۆکراتی سووریە پەیەدە بە سەرپەرستیی جهعفەر عەکاش، بەرپرسی پێوەندییەکانی پەیەدە لە هەرێمی کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە شاری هەولێریان کردو، لەلایەن شاندی حیزب پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی، بەپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێرو حسن کاکیلی، کادری پێوەندییەکانەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ١١ | ٦ی فێوریەی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب، بە مەبەستی پیرۆزبایی ٢٠مین ساڵیادی دامەزرانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسیی یەکگرتووی ئیسلامی لە هەولێریان کرد و لە لایەن مامۆستا محمد فرج ئەمینداری گشتیی یەکگرتوو، پێشوازییان لێ کرا. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢ | ٨ی فێوریەی ٢٠١٤ | کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێراوی کۆنگرەی پازدەی حیزبی دێموکراتی کوردستان نۆهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگر و ڕاوێژکار و بەرپرسانی بەشێک لە ئۆرگانەکانی حیزب بەڕێوە برد. |  |
| ١٣ | ٨ی فێوریەی ٢٠١٤ | بەشی پەروەردە و ڕاهێنانی کۆمیتەی حیزب لە نۆرویژ، کۆبوونەوەیەکی سەبارەت بە "مادده سڕکەرەکان - هۆکار، زەرەر و ئاکامەکانی" بۆ بەڕێز هاشم ڕۆستەمی پێکهێنا. |  |
| ١٤ | ١١ی فێوریەی ٢٠١٤ | کۆمیسیۆنی فێرکردن و پەروەردەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی پلینۆمی نۆیەمی حیزبی دێموکراتو شیکردنەوەی باس و بڕیارو پەسندکراوەکانی پلینۆم کۆبوونەوەیەکی بۆ کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێک هێنا. |  |
| ١٥ | ١١ی فێوریەی ٢٠١٤ | وتووێژێ ڕاستەخۆ دا لە کەناڵی ڕووداو لە گەڵ بەڕیز کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵڕۆژی بە ئاکام گەشتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، کە لە لایەن دەسەلات بەدەستانی ئێستای ئێرانەوە بە تاڵان برا. |  |
| ١٦ | ١٢ی فێوریەی ٢٠١٤ | شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە هەولێرو حەسەن کاکیلی، کادری پێوەندییەکان سەردانی بەشی پەیوەندییەکانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانیان کردو لە لایەن کامیل نورانی فەر، بەرپرسی پەیوەندییەکانی سازمانی خەباتەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ١٧ | ١٢ی فێوریەی ٢٠١٤ | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێزدار خالید عەزیزی لە وتووێژێک دا لەگەڵ کانالی ئاسمانییNRT ی تیشکی خستە سەر باردودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێران دوای ٣٥ ساڵ هاتنەسەر کاری کۆماری ئیسلامی. |  |
| ١٨ | ١٢ی فێوریەی ٢٠١٤ | ١٤٠مین ژمارەی گۆڤاری دنیای مداڵان، بە کۆمەڵێک بابەتی سەرنج ڕاکێش و منداڵانەی ڕەنگاوڕەنگ، هۆنراوەی کورد، ڕێنوێنی و ناساندن و هەروەها بە چەندین وێنەی دەستکێشی منداڵانی کوردەوە، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانەی. |  |
| ١٩ | ١٣ی فێوریەی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی ئوتریش بە سەرپەرستی کاک عەلی مازودچی و خاتوو بەهار هەمزەنژاد بەرپرسی بەشی پەیوەندیەکان و کوروش حاجی ڕەشیدی بەشداریان لە سمینارێکی نووسەری بەناوبانگ و دۆستی دێرینی گەلی کورد، بەڕێز دکتور ئیسماعیل بێشکچی دا کرد. |  |
| ٢٠ | ١٥ی فێوریەی ٢٠١٤ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک بە بەشداری بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزب لەو وڵاتە و بە چاوەدێری نوێنەرانی کومسیۆنی تەشکیلات و کومسیۆنی چاوەدیری بە سەر بەرنامە و ئەساسنامەی حیزبدا، کۆنفرانسی خۆی بۆ نوی کردنەوەی کومیتە گشتی لەو وڵاتە بەڕێوەبرد. |  |
| ٢١ | ١٥ی فێوریەی ٢٠١٤ | بەشداریی کۆمیتەی ڕۆژهەڵاتی ئەمریکای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یادی ٤٣ ساڵەی ڕووداوی سیاکەل لە شاری هێرندنی ویرجینیا، کەلەلایەن ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەلقی ئیران- لقی ئەمریکا بەڕێوەچوو. |  |
| ٢٢ | ١٦ی فێوریەی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی ئوتریش لە ڕێورەسمی ساڵیادی شەهیدانی حیزبی شیوعی کوردستان دا بەشداریان کرد. |  |
| ٢٣ | ١٦ی فێوریەی ٢٠١٤ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی، کۆمیتەی دانمارکی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران " کۆمەلە"، هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دانمارک، پێکهاتوو لە بەڕێزان: عومەر شێخەنژاد، سمکۆ محمودزادە و سەید حامید بلکامە، لە ڕێوڕەسمی ٢٦ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵە دا بەشدارییان کرد. |  |
| ٢٤ | ١٧ی فێوریەی ٢٠١٤ | بەیاننامەی پێشوازی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا : حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە سەرەتای دامەزرانییەوە تا ئێستا، بە ڕەسمی ناسینی زمانی کوردی و خوێندن بەو زمانەی ، وەک یەکێک لە گرنگترین داخوازە کانی خەڵکی کوردستان، سەیر کردوە. |  |
| ٢٥ | ١٨ی فێوریەی ٢٠١٤ | شاندێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پێکهاتوو لە کاک هیوا سەید سەلیم، ئەندامی دەستەی ئەنجومەنی کارگێڕیو، هەڤاڵ عەبدوڵلاو کاکە ڕەش ڕەسوڵ لە بەشی پێوەندییەکانی زەحمەتکێشان سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان لە شاری هەولێر کرد و لەلایەن ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا . |  |
| ٢٦ | ١٩ی فێوریەی ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٢٦، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەت و وتاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و هەروەها بەیاننامە و ڕاگەییندراوە ڕەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی کومیتە و ئۆرگانەیکانی حدک لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانەی. |  |
| ٢٧ | ٢١ی فێوریەی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەشت و ڕەبەت بە بڵاو کردنەوەی بەیاننامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک و تراکت و وێنەی تەبلیغیی حیزب بەو بۆنەیە ڕێزیان لە ڕۆژی جیهانیی زمانی زگماکی گرتوە. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٨ | ٢٢ی فێوریەی ٢٠١٤ | سمینارێکی سیاسی تەشکیلاتی بۆ بەڕێز کاک خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی زۆربەی ئەندامانی حیزب لە سوئێد و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە وڵاتەکانی فینلاند و دانمارک و چەند کەسی دیکەی لە ئەندامی رێبەریی حیزب و کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی دەرەوەی وڵاتی حدک، لە شاری ئورێبرۆی سوئێد بەڕێوە چوو. |  |
| ٢٩ | ٢٢ی فێوریەی ٢٠١٤ | لە سەر بانگهێشتی کۆمیتەی دانمارکی کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، پێک هاتوو لە هاورێیان ڕەحمان خۆش ئەبرو ،ڕەشید قازی،سەلاح قازی، خاتوو ئارەزوو خالیدنژاد، کامران کەلهوری، خالید ڕەواندوست بەشداری ساڵیادی دامەزرانی کۆمەڵەیان کرد. |  |
| ٣٠ | ٢٣ی فێوریەی ٢٠١٤ | لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێد، پێکهاتوو لە هاوڕێیان کەماڵ گروێسی و محێدین شەریفزادە، بەشداری ڕێورەسمی ساڵیادی دامەزرانی کۆمەڵە زەحمەتیکێشانی کوردستان کرد. |  |
| ٣١ | ٢٣ی فێوریەی ٢٠١٤ | لە خۆپیشاندانێکی کۆمەڵێک لە کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی سویس جینایەت و سیاسەتە دژە مرۆییەکانی ڕێژیم وەک ئیعدام، ئەشکنجە، بەندکردنی چالاکانی مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کوشتنی کۆڵبەرەکان و کاسبکارانی کوردیان بە هۆی کۆماری ئیسلامی مەحکووم کرد. ئەم خۆپیشاندانە لە لایەن کومیتەی سویسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و گرووپی ئاراڕاتەوە ڕێک خرابوو، |  |
| ٣٢ | ٢٣ی فێوریەی ٢٠١٤ | شاندێکی کۆما جڤاکێن کوردستان بە سەرپەرستیی فەرحان ئامەرا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆما جڤاکێن کوردستان لە هەرێمی کوردستان، سەردانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێری کرد و لەلایەن ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزبەوە پێشوازییان لێکرا . |  |
| ٣٣ | ٢٤ی فێوریەی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریە پێکهاتوو لە سکرتێرەکانی ١١ حیزبی ئەندام لەم ئەنجوومەنە سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو و لەلایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی کاک مستافا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ٣٤ | ٢٥ی فێوریەی ٢٠١٤ | بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرەستی خاتوو گوڵاڵە شەرەفکەندی هاورێ لەگەل کاک کامران باڵنور، کاک سیامەند خوسرەوی و کاک خەبات ئیبراهیمپوور ئەو ڕێورەسمی خەڵاتی کانوونی پارێزەرانی ئەمریکا لە یەکێک لە سالۆنەکانی دادگای فیدرالی نیویۆرک کە درا بە دادوەری دادگای میکۆنۆس. |  |
| ٣٥ | ٢٧ی فێوریەی ٢٠١٤ | وتووێژی ماڵپەری خۆرهەڵات نیوس دەگەڵ بەڕێز مستەفا شەلماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەر پرسی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە مەر دۆسیەی یەکگرتنەوەی |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

| لاپەڕەی : ۱ | مانگی مارسی : ۲۰۱٤ | | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ۱ | ۱ی مارسی ۲۰۱٤ | سێمینارێک بە بەشداریی هاوڕێ خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەندامانی حیزب لە وڵاتی نۆرویژ بەسرووودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب"و ساتێک بێدەنگیی بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی حیزب و گەل دەستپێکی سێمینارەکە بوو. |   |
| ۲ | ۲ی مارسی ۲۰۱٤ | فێرگەی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە دوای تەواوبوونی دەورەی ۲۰٦ی سەرەتایی ئەو فێرگەیە، پۆلێکی دیکە لەلاوانی کورد پێوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. | |
| ۳ | ۲ی مارسی ۲۰۱٤ | دیداری تایبەت ی کورد کانال لە گەڵ ڕێزدار مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە لەمەر یادێک لە میتینگی گەورەی حیزبی دێموکرات لە ۱۱ی ڕەشەممەی ۱۳۵۷. |  |
| ٤ | ۳ی مارسی ۲۰۱٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتو لە ئەسعەد خزری، بەرپرسی کۆمیتە و ناسر قادرپوور، بەرپرسی پەیوەندی لە گەڵ نۆروێژییەکان سەردانی پارلمانی نۆروێژیان کردو لە لایەن "هەیکی ئەیدسۆل هۆڵموس پارلمانتار سەر بە حیزبی سوسیالیستی چەپی نۆروێژ پێشوازیان لێکرا. | |
| ۵ | ۵ی مارسی ۲۰۱٤ | دیدارێکی دۆستانە لە نێوان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستان ئێران لە ناوچەی ئۆسفۆڵدی نۆروێژ ڕێکخرا. ئەم دانیشتنە لە سەر داوای کۆمیتەی سازمانی خەبات پێکهات، |  |
| ٦ | ۵ی مارسی ۲۰۱٤ | هەیئەتێکی کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە یاوەریی بەڕێز و تێکۆشەر کاک حەسەن ڕەستگار، ئەندامی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوئێد کرد. |  |
| ۷ | ٦ی مارسی ۲۰۱٤ | ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارەی ٦۲۷ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ڕۆشنبیری، مێژوویی، ئەدەبی و هەروەها هەواڵی کاری و جالاکی کومیتە و ئۆرگانەکانی حدک لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، چاپ و بڵاو کرایەوە. |  |
| ۸ | ٦ی مارسی ۲۰۱٤ | پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ۸ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە : بە بۆنەی هاتنی ۸ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنانەوە بە گەرمی پیرۆزباییتان لێدەکەین و بۆتێکۆشان و چالاکییەکانی ئێوەو هەموو بەشدارانی خەبات لە پێناوی یەکسانیی ژن و پیاو لە کوردستان، ئێران و سەرانسەری جیهان لەم ڕۆژە دا، سەرکەوتن بە ئاوات دەخوازین. | |
| ۹ | ۸ی مارسی ۲۰۱٤ | کۆمیتەی فینلاند یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ۸ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن سیمینارێکی بۆ بەڕێزان گوڵالە شەرەفکەندی و کاوە ئاهەنگەری؛ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری تورکو پێک هێنا. |  |
| ۱۰ | ۸ی مارسی ۲۰۱٤ | ر اگەیێندراوی هاوبەشی ٦ ڕێکخراوی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بۆنەی ۸ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن : یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی ئافرەتانی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژنانی ڕۆژهەڵات، ڕێکخراوی ئاسۆی ژنی کورد، ڕێکخراوی ئازادی ژنانی کوردستان – نینا. | |
| ۱۱ | ۱۱ی مارسی ۲۰۱٤ | کۆبوونەوەیەک لە نێوان کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی حیزبی راستی دەسەڵاتدار لە نۆروێژ بەرێوەچوو. هەیئەتی حیزبی دیمۆکرات پێکهاتوو لە ئەسعەد خزری بەرپرسی کۆمیتە و ناسر قادرپور بەرپرسی پەیوەندی بیانیکانی حیزب لە نۆروێژ، لە لایەن ، تورد بەرگەسن ، راوێژکاری سیاسی بەشی دەرەوەی ئەو حیزبە پێشوازیان لێکرا. | |
| ۱۲ | ۱۱ی مارسی ۲۰۱٤ | بەشی ئاشکرای کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ئامادە بوونی نوێنەرانی ناوەندەکانی ۱ و ۲ و ۳ و ٤ ی حیزب، کۆبوونەوەیەکی بۆ ژمارەیەک لە کۆمیتەکان و ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان پێک هێنا. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | ١٢ای مارسی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێی گشتیی حیزب، سەردانی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان کردو لە لایەن هەیئەتێکی ئەم حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک ئیبراهیم عەلیزادە، سکرتێری حیزبی خانەخوێ پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ١٤ | ١٣ای مارسی ٢٠١٤ | دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بەبۆنەی ٨٠ ساڵەی لە دایکبوونی تێکۆشەری لەمێژینەی حیزب، کاک جەلیل گادانی، ڕێزی لە ٦٥ ساڵ خەباتی شارو شاخ و نێو زیندانەکانی ڕێژیمیی پاشایەتیی ناوبراو گرت. |  |
| ١٥ | ١٤ای مارسی ٢٠١٤ | لە ناوەندی شاری وییەن،ی پایتەختی ئوتریش ، و بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی ئەو شارە ئاکسیونێک بە بۆنەی ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجە کە لە لایەن مەڵبەندی کوردی پێک هێندرا بوو بەڕیوە چوو. جێگەی ئاماژەیە کە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو خۆپیشاندانە بەشدارییەکی چالاکانەی هەبوو. |  |
| ١٦ | ١٥ای مارسی ٢٠١٤ | پەیامی کۆمیتەی بەرێوەبەریی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٦٨ هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنان : هیوادارین یەکیەتیی ژنان بە دەستەبەربوونی دیموکراسی و مافە نەتەوایەتییەکان بگات بە قۆناغێکی دیکە لە چەشنی سەردەمی کۆماری کوردستان و بتوانێ خزمەتێکی شیاو بە مافەکانی ژنان بکا. |  |
| ١٧ | ١٥ای مارسی ٢٠١٤ | یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا یادی ٢٤ی ڕەشەمە ٦٨ ساڵەی دامەزرانی خۆی بەرز ڕاگرت. ئەم ڕێو ڕەسمە بە خولەکێک بە بێدەنگی بە پێوە وەستان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان، بە تایبەتی ئەو ژنانەی گیانی خۆیان بەختی وەدیهێنانی ئازادیی ژنان کردوە دەستی |  |
| ١٨ | ١٥ای مارسی ٢٠١٤ | کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە ولاتی سویس بەبۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژنان و ٢٤ی ڕەشەمە، ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان ڕێوڕەسمێکی لە شاری بێرن و بەبەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب و یەکیەتیی ژنان و نوێنەرانی چەند حیزبێکی سیاسی پێک هێنا. |  |
| ١٩ | ١٦ای مارسی ٢٠١٤ | بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردەکانی ئاڵمان، و حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەک لەوان کۆمیتەی ئاڵمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان یادی بۆمبارانی شیمیایی و قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە کرایەوە. |  |
| ٢٠ | ١٦ای مارسی ٢٠١٤ | بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە هاوڕێیان کەریم مەهدەوی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سلێمانی و؛ محەممەد شەهرەوان و سیامەک وەکیلی لە ڕێوڕەسمی بیست و شەشەمین ساڵرۆژی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە دا کرد کە بە بەشداریی هەزاران کەس لە تەنیشت مەزاری شەهیدان و مۆنۆمێنتی هەڵەبجەدا بەڕێوە چوو. |  |
| ٢١ | ١٦ای مارسی ٢٠١٤ | شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک بەشداریی لە سمینارێک دا کرد کە بە بۆنەی ٢٦ ساڵەی کارەساتی شیمیایی بارانکرانی شاری هەڵەبجە و ١٠ساڵەی کوشتاری خۆپێشاندەرانی شاری قامیشلی پێک هاتبوو. |  |
| ٢٢ | ١٦ای مارسی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد(KNK) بە سەرپەرەستیی خاتوو نیلووفەر کۆچ، هاوسەرۆکی کۆنگرە بە مەبەستی تاوتوێ کردنی بارودۆخی پرسی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی کردو، لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە سەرپەرەستیی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب پێشوازی لێ کرا. |  |
| ٢٣ | ١٦ای مارسی ٢٠١٤ | بەشداری هەیئەتێکی کۆمیتەی سوئیدی حدک لە ٢٦مین ساڵەوەگەڕی کۆمەڵکوژی شاری هەڵەبجە دا، بۆ جارێکی دیکە بە دەستپێشخەری ڕایەڵەی سویدی- کوردی و هاوکاری فدراسیۆنی کۆمەلە کوردستانییەکانی سوید، ڕێورەسمێکی ڕێزگرتن لە شەهیدانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە، بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی دانیشتووی ئەو شارە و نوێنەرایەتی حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان، کە لە کلیسای ئادۆلف فرێدریک،ی شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو. |  |
| ٢٤ | ١٦ای مارسی ٢٠١٤ | ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر دەگەڵ هەیئەتێکی حیزبی لە ناوەندی ٣ی کوردستان بە سەرپەرستیی ئەحمەد سادقپوور ، سەردانی لقی ٢٣ی پارتی دێمۆکراتی کوردستان لە مەخموریان کردو لەلایەن نەجات علی، بەرپرسی لقەوە، پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ٢٥ | ١٧ای مارسی ٢٠١٤ | پەیامی نەورۆزی حدک کۆمیسیۆنی تەشکیلات : گەرمترین پیرۆزبایی بە بۆنەی هاتنی نەورۆز، پێشکەشی ئێوە و سەرجەم خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین. بەو هیوایە کە ساڵی نوێ،ساڵی پتەوتر بوونی پێوەندیی نێوان خەباتکارانی دەرو ژووری وڵات و ساڵی گەشە و بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ |  |
| ٢٦ | ١٧ای مارسی ٢٠١٤ | بە ئامانجی بە نێونەتەوەیی کردنی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەو بۆمبارانی شیمیایی ئەو شارە، کۆنفرانسێک لە ژێر ناوی " یادکردنەوەی قوربانیانی تراژیدیای هەڵەبجە"، لەلایەن ١٠ ڕێکخراوی کوردستانی یەک لەوان کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ژنێڤ بەڕێوەچوو. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٧ | ١٨ی مارسی ٢٠١٤ | بە بۆنەی چوارشەمەسووری تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە سەردەشت و دەوروبەری چالاکیی تەبلیغییان کردوە.و بە سەدان تراکت و پەیامی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی نەورۆز لە سەردەشت و نەڵاس و دێهاتەکان بڵاو کراونەتەوە. |  |
| ٢٨ | ١٩ی مارسی ٢٠١٤ | پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵاتی حدک بە بۆنەی نەورۆز و ساڵی نوێی کوردی : لە لایەن خۆمان گشت هاوڕێ و هاوکارانمان لە ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی ساڵی ٢٧١٤ی کوردییەوە، جوانترین و ڕازاوەترین پیرۆزباییەکانی خۆمان ئاراستەی هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین. |  |
| ٢٩ | ١٩ی مارسی ٢٠١٤ | پەیامی پیرۆزبایی کومیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتی حدک : بە بۆنەی جێژنی نەتەوەیی نەورۆز و هاتنی ساڵی ٢٧١٤ی کوردییەوە، جوانترین و ڕازاوەترین پیرۆزباییەکانی خۆمان ئاراستەی هەموو خەڵکی کوردستان، لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات دەکەین و هیوای ساڵێکی پڕ لە خۆشی و سەرکەوتن بۆ گەلەکەمان دەخوازین. |  |
| ٣٠ | ١٩ی مارسی ٢٠١٤ | ژمارە ١٤١ی دنیای منداڵان، بڵاوکراوەی ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاو کرایەوە. لەم ژمارە نوێیەی ئەو گۆڤارە دا چەندین بابەتی جێی بایخی منداڵان و بابەتی ئەدەبی، هونەری و مێژوویی تایبەت بە گەلی کورد بەرچاو دەکەون. |  |
| ٣١ | ١٩ی مارسی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی مەهاباد و ئاواییەکانی ئەو شارە بەبۆنەی هاتنەوەی نەورۆزو بۆنەکانی سەری ساڵ تراکت و وێنەو دروشمی پێوەندیدار بە نەورۆزو هاندانی خەڵک بۆ بەرێوەبردنی ئەو بۆنانە بڵاو کراونەتەوە.چالاکیی تەبلیغی یان کردوە. |  |
| ٣٢ | ١٩ی مارسی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پێک هاتبوو لە هاوڕێیان کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزب بۆ کاروباری یەکێتی ئوروپا و سامان ئاراستەفەر ئەندامی کومیتەی بلژیک، لە ڕێوڕەسمی نەورۆز کە لە لایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بروکسێل و بە میوانداریتی نیکولو ریناڵدی ئەندامی پارلەمانی ئوروپا پێک هاتبوو، |  |
| ٣٣ | ٢٠ی مارسی ٢٠١٤ | ماڵپەڕی "کوردستان و کورد" دەست لە نێو دەستی نەورۆز و بەهارو دەسپێکی ساڵی ٢٧١٤ی کوردی دا بە دابی پیرۆزبایی، چەپکێک نێرگزو وەنەوشەی چیاکانی کوردستانتان پێشکەش دەکاو بۆ ئێوە و هەموو کوردستانیان، نەورۆز و بەهارو ساڵێکی پڕ لە خۆشی بە ئاوات دەخوازێ. |  |
| ٣٤ | ٢٠ی مارسی ٢٠١٤ | بەشداریی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ناوچەی ئۆستفۆلد لە ڕێورەسمێک لە لایەن کوردانی هەر چوارپارچەی کوردستانەوە لە ناوچەی ئۆستفۆلد بەرێوە چوو سەرەتای ڕێورەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب دەستی پێ کرد، |  |
| ٣٥ | ٢٠ی مارسی ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٢٨ی ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە چەندین بابەتی سیاسی، ئەدەبی و مێژوویی، پەیامی نەورۆزیی سکرتێری گشتی حدک و هەواڵی کاروچالاکی کومیتە و ئۆرگانەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بەرچاو دەکەون. |  |
| ٣٦ | ٢٠ی مارسی ٢٠١٤ | بە دەستپێشخەری چەند پارلەمانتارێک لە پارلمانی دانمارک، لە هۆڵی پارلمانی ئەو وڵاتە و بە بۆنەی نەورۆز ئاهەنگێک سازکرا. بۆ ڕێزگرتن لەو ڕۆژە مەزنەی مێژووی گەلەکەمان، هەیئەتێکی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە بەڕێزان ڕەشید قازی و ڕەحمان خۆش ئەبرو بەشداری ئاهەنگەکەیان کرد. |  |
| ٣٧ | ٢١ی مارسی ٢٠١٤ | لە سەر بانگهێشتنی فەرمی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید هەیئەتێکی دوو کەسی بەشی پەیوەندییەکانی کۆمیتەی سوید،ی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە پێک هاتبوون لە هاوڕێیان حەسەن ئەهوەن و کەیوان ئابین، لە ڕێوڕەسمێکی گەورە دا کە بە بۆنەی جێژنی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی کوردییەوە ڕێکخرا بوو بەشدارییان کرد. |  |
| ٣٨ | ٢٠ی مارسی ٢٠١٤ | پەیامی نەورۆزیی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان : بە بۆنەی جەژنی نەورۆز دەسپێکی ساڵی تازەی کوردی پڕبەدڵ پیرۆز بایتان لێ دەکەم. هیوادارم هەموو لایەکمان بە یەکەوە بتوانین لە ساڵی داهاتوودا زەمینەو بەستێنێک دروست بکەین کە تاکی کوردی، بنەماڵەی کوردی، کۆمەڵگەی کوردی و نەتەوەی کورد بە گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هیممەت و کاری هەموولایەکمان فورسەت و مەجالێکی باش بۆ نەورۆزەکانی داهاتوو دروست بکەین. |  |
| ٣٩ | ٢٢ی مارسی ٢٠١٤ | کۆمیتە ناوچەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەشداری زۆربەی ئەندامانی حدک و کوردانی دانیشتووی شاری ترۆندهایمی نۆروێژ، لە ڕێوڕەسمێکی خۆماڵی و ڕازاوەدا، هاتنی جێژنی نەتەوایەتی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی ٢٧١٤ی کوردیان پیرۆز کرد. |  |
| ٤٠ | ٢٣ی مارسی ٢٠١٤ | ژمارە ٥١ و ٥٢ی گۆڤاری لاوان چاپ و بڵاو کرایەوە. گۆڤاری لاوان، بڵاو کراوەیەکی وەرزیە کە ڕێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاوی دەکاتەوە. لەم ژمارانەی لاوان دا کۆمەڵێک باس و بابەتی تایبەت بە پرسی لاوان و هەواڵی کاروچالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوەیە بڵاو کراوەتەوە. |  |
| ٤٠ | ٢٣ی مارسی ٢٠١٤ | بە بۆنەی هاتنی جێژنی نەتەوایەتی نەورۆز و سەری ساڵی تازە کوردی، کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ئاڵمان بە هاوکاری سێ ریکخراوی کولتوری کوردی ڕێورەسمێکیان بۆ کوردستانییانی وڵاتی ئاڵمان پێک هێنا. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١ | ٢٩ی مارسی ٢٠١٤ | بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان هەیئەتێک لە کۆمیتەی ناوچەکانی حیزب دێموکراتی کوردستان، یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی کولتووری لە ناوچەی ئۆستفوڵدی نۆروێژ کە بریتی بوون لە بەڕێزان یۆسف پوری، گوڵێ حیدەری، محەممەد غەریبی و خانم وەتمانی سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان لەو ناوچەیە کرد، |  |
| ٤٢ | ٢٩ی مارسی ٢٠١٤ | بەبۆنەی ٦٧مین ساڵرۆژی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی، لەلایەن کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی نۆروێژ سێمینارێک بۆ بەڕێز هاوڕێ مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب و بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بە بەشداری ژمارەیێکی بەرچاو لە ئەندامان و هەروەها نوێنەری حیزبە کوردستانییەکان بەڕێوەچوو. |   |
| ٤٣ | ٢٩ی مارسی ٢٠١٤ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداری چالاکانەی ئەندامانی حیزب و بنەماڵەکانیان و دۆست و لایەنگرانی حیزب و چەند کەسایەتی لە شاری لینشۆپینگ یادی ١٠ی خاکەلێوە شەست و حەوتەمین ساڵرۆژی لە سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی بە شکۆوە بەڕێوە برد. |  |
| ٤٤ | ٢٩ی مارسی ٢٠١٤ | بە بۆنەی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرکۆماری کورد و هاوڕێیانی، سمینارێک بۆ بەڕێزان دوکتور خالیدی خەیاتی مامۆستای زانکۆ و کاک قاسمی قازی نووسەر و چالاکی سیاسی، لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی" ئوپلاندس وێسبی " سەر بە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو. |  |
| ٤٥ | ٢٩ی مارسی ٢٠١٤ | کۆڕیادێک بۆ یاد کردنەوە و ڕێز گرتن لە یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ئۆرێبروو بەرێوە چوو. | |
| ٤٦ | ٣٠ی مارسی ٢٠١٤ | پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان : سلاو لە گیانی پاکی سەرقافڵەی شەهیدان قازی محەممەدی نەمر! | |
| ٤٧ | ٣٠ی مارسی ٢٠١٤ | حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هۆڵی کتێبخانەی زەیتوون لە پارکی سامی عەبدوڕەحمان لە شاری هەولێر ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بەبەشداریی نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی باشوور، باکوور، خۆراوا ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەدیبان و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و ژمارەیەک لە کادرو پێشمەرگە و بنەماڵە شەهیدەکانی حیزب بەڕێوە برد، |  |
| ٤٨ | ٣٠ی مارسی ٢٠١٤ | بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ساڵرۆژی شەهیدانی کوردستان کۆمیتەی حیزب لە ولاتی دانمارک بە هاوکاری بەشی پەروەردە و یەکیتی ژنان بەبەشداریی بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە بۆنەی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە سەر گلکۆی تێکۆشەری ناسراوی گەلەکەمان نەمر نەبی قادری کۆبوونەوە ئەم ڕۆژە یان یاد کردەوە |  |
| ٤٩ | ٣٠ی مارسی ٢٠١٤ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا- ڤانکۆڤێر بۆ بەرز و زیندو ڕاگرتنی یادی شەهیدانی ڕۆژی ١٠ی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان، بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردستانیانی دانیشتوی ڤانکۆڤێری کانادا و چەند لایەنی سیاسی و ڕێکخراوی کولتوری، کۆڕیادێکی پێک هێنا. |  |
| ٥٠ | ٣٠ی مارسی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە چەند ئاواییەکی ناوچەی هەوشار بە بڵاو کردنەوەی وێنەو دروشمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێزیان لە یادو بیرەوەریی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان و هەموو شەهیدانی دیکەی حیزب و گەل گرتوە. |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا








سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com




**ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی**

| لاپەرەی : ١ | | مانگی ئاوریلی : ٢٠١٤ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی ئاوریل ٢٠١٤ | ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، ٦٧ مین ساڵوەگەڕی لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد و هەڤاڵانی و ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ، وەفدێکی کۆمیتە ناوچەی ترۆندهایمی حیزبی دێموکرات پێکهاتوو لە هەمزە ئاگوشی، عەلی چەمەنگوڵی، ڕامین شێنانی و بە هاوڕێیەتی سەید جەعفەر سەید محەممەدی، سەردانی بنەماڵە و خزم و کەسوکاری شەهیدانی شاری ترۆندهایمیان کرد |  |
| ٢ | ١ی ئاوریل ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ناوچەی مەهاباد بەبۆنەی هاتنەوەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان کردوەو ڕێزیان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان گرت. |  |
| ٣ | ٣ی ئاوریل ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە مەریوان و سەرپێلی زەهاو بە بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی شەهیدان و نووسینی دروشم ڕێزیان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزب و گەل، کردوە. |  |
| | ٤ی ئاوریل ٢٠١٤ | گەڵاڵەی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕات بۆ ئاگاداری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بڵاو کردەوە. | |
| ٤ | ٥ی ئاوریل ٢٠١٤ | بەشداریی هەیئەتێکی کۆمیتەی ئۆرێبرووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی بەرپرسی کۆمیتە بەرێز کاک کەریم بابەکری لە سێمینارێک کە لە لایەن پارتی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ئۆرێبروو، بۆ یادی ٣٤ ساڵەی ئەنفال کردنی کوردە فەیلیەکانی باشووری کوردستان پێک هات. |  |
| ٥ | ٥ی ئاوریل ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٢٩ی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەت و وتاری سیاسی، ئەدەبی و ڕۆشنبیری، ڕاگەیەندراو و بەیاننامە و هەروەها هەواڵی کاروچالاکی کومیتەی و ئۆرگانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەردیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٦ | ٥ی ئاوریل ٢٠١٤ | ڕوانینی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی شارەداری یەکان لە تورکیە : ئێمە پێشوازی لەو ڕەوتە بەرەوپێشە لە تورکیە دەکەین و ئاواتەخوازین هەوڵ و تەقەلای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردو ڕەوتی دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵی تورکیە ڕۆ ژبە ڕۆژ سەرکەوتن و پێشکەوتنی زیاتر بەدەست بێنێ و ببێتە نموونەیەک بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچە، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کوردیان لێ دەژی. | |
| ٧ | ٨ی ئاوریل ٢٠١٤ | بەشداریی بەرێز مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب و نوێنەری حیزب لەبریتانیا لە ٢٦مین ساڵەوەگەڕی پرۆسەی ئەنفالدا، کە لە لایەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بریتانیا بەڕێوە چوو. |  |
| ٨ | ٩ی ئاوریل ٢٠١٤ | دوکتۆر حەسەن شەتەوی، کەسایەتی ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێمۆکرات سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە شاری هەولێری کرو لەلایەن ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزب لە شاری هەولێرو شاندی پێوەندییەکانی حیزب لە هەولێر پێشوازی لێ کرد. |  |
| ٩ | ١١ی ئاوریل ٢٠١٤ | لە لایەن بەریز ئامانج پیرمە، بەشی پیوەندییە دانمارکێیەکانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ یەکەمجار پێناسەیەکی سێ لاپەرە بە زمانی دانمارکی لە سەر مێژوو وسیاسەتەکانی حیزبی دیمۆکرات کوردستان لە مالپەری سەرەکی پارلمانی دانمارک لە ریکەوتی ٦ی ئاوریل دانراوە کە لەگەڵ یێشوازی سیاسەتمەداران و پارلمانتاران و هەموو ئەو کەسانەی کە سەردانی ئەم مالپەرە دەکەن بەرەو رووبوو. |  |
| ١٠ | ١١ی ئاوریل ٢٠١٤ | بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب و هەروەها کوردانی نیشتەجێ لە نۆرویژ کۆبوونەوەیەک بۆ دەربرینی نارەزایەتیی لەمەر بریاری دێپۆرت کردنەوەی پێشمەرگەی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئێدەوە بەرەو ئێران، لەبەردەم بالیۆزخانەی سوئێد لە ئۆسلۆ پێتەختی نۆرویژ بەڕێوەچوو. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥ | ٣٠ی ئاوریلی ٢٠١٤ | زنجیرە دانشتنێکی سکرتێری گشتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەرێز خالید عەزیزی لەگەل وەزارەتی دەرەوە و کۆمیسۆنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی پارلمان و چەند کەسایەتییەکی ناوداری دانمارکی بەریوە چوو. |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




**ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی مای : ٢٠١٤ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی مای ٢٠١٤ | ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ترۆندهایمی وڵاتی نۆرویژ، بەشداری ڕێپێوان ڕێوڕەسمەکانی یادکردنەوە و ڕێزگرتنی ئەو ڕۆژەیان کرد و بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و گوتنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب و دروشمی بژی کوردستان لە شەقامەکانی شار، ئەو ڕۆژەیان بەرز نرخاند |  |
| ٢ | ١ی مای ٢٠١٤ | ڕێپێوانێکی بەرین، بە بەشداری هەزاران کەس لە کرێکاران، پیشەوەران و ئەندامانی حیزبی سویسیالیستی ئوتریش و حیزب و ڕێکخراوەکانی هاوپەیمانی ئەو حیزبە و بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامان و دڵسوزانی حیزب حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە شاری وییەنی پایتەختی ئوتریش بەڕێوە چوو. |  |
| ٣ | ١ی مای ٢٠١٤ | ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکرتی کوردستان : لە قووڵایی دڵەوە، پیرۆزبایی یەکەمی مانگی مای لە کرێکارانی کوردستان و جیهان دەکەین. وێرای پێداگرتن لە سەر هاوپێوەندیی خەباتکارانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانە لە کوردستان و خەباتی کرێکاران لە کوردستان و سەرانسەری ئێران. |  |
| ٤ | ١ی مای ٢٠١٤ | سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە هاوڕێیەتی ئامانج پێرمە، بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزبو ڕەشید قازی بەرپرسی کومیتەی ناوچەی شیلەند لە وەزارەتی دەرەوەی دانمارک چاوی بە "دانی ئەننان"، جێگری وەزیری دەروەی دانمارکو بەرپرسی ئاسیاو باکووری ئەفریقای ئەو وەزارەتخانەیە کەوت. | <br> |
| ٥ | ٢ی مای ٢٠١٤ | هەیئەتێک لە ئەندامانی کۆمیتەی ساوتهامپتۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا سەردانی بەڕێز جۆن دێنهام هەڵسووراوی پارتی کرێکارو هاوکات نوێنەری شاری ساوتهامپتۆن و ایتچن لە پارلەمانی بریتانیان کرد. | |
| ٦ | ٣ی مای ٢٠١٤ | لەسەر بانگهێشتنی تەشکیلاتی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕات بە هاوکاری کۆمیتەکانی سۆئێد و ستۆکهۆڵمی حیزب سمینارێکی سیاسیی راوێژکاری بە مەبەستی تاووتوێ کردنی هەلو مەرجی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانو کەڵکوەرگرتن لە بیروڕا جیاوازەکانو؛ بەهێزتر کردنی هاوکاری و راوێژی زیاتر دەگەڵ چاکالان و بژاردەکانی ئاکادیمیو سیاسیی کورد لە دەرەوەی وڵات دەگەڵ حیزب بۆ بەهێزتر کردنی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێک هات. | <br> |
| ٧ | ٤ی مای ٢٠١٤ | پایامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان : بەرز و بەڕێز بێ یادی شەهید سمایل شەریف زادە و هەموو شەهیدانی ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦ - ٤٧ هەروەها یادی هەموو ئەو خویندکارانە بەرز ڕادەگرین کە لە پێناوی ئامانجەکانی نەتەوەکەیان دا گیانیان بەخشیوە یا تووشی بەندیخانە و ئاوارەیی بوون. | |
| ٨ | ٤ی مای ٢٠١٤ | یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد ڕۆژی ١٤ی بانەمەڕ ڕێورەسمێکی بە بەشداریی دەیا کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهید سمایل شەریفزادەو شەهیدانی دیکەی جووڵانەوەی ەکداریی ٤٦ – ٤٧ ی شۆڕشگیڕانی حیزبی دێموکڕات پێکهێنا. |  |
| ٩ | ٦ی مای ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٣١ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەت و وتاری سیاسی، ئەدەبی و ڕۆشنبیری، ڕاگەیەندراو و بەیاننامە و هەروەها هەواڵی کاروچالاکی کومیتەی و ئۆرگانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەردیدەی خوێنەرانی. |  |
| ١٠ | ٨ی مای ٢٠١٤ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی حیزبی سوسیال دێموکراتی سۆئێد، هەیئەتێکی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سمینارێکی تایبەت بە پرسی کورد لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دا بەشدارییان کرد. |  |


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | ٨ی مای ٢٠١٤ | بەشداریی بەڕێز کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان؛ لە خۆپیشاندانێک بەبەشداریی دەیان کەس لە ئێرانییەکانی نیشتەجێ لە وڵاتانی بێلژیک، فەڕانسە، ئاڵمانو هولەند لەبەردەم کەلە بەردەم پاڕلمانی ئورووپا بەڕێوە چوو. |  |
| ١٢ | ١١ی مای ٢٠١٤ | بە بەشداریی دەیان ڕێکخروای لاوان لە هەر چوار پارچەی کوردستان یەک لە وان یەکیەتی لاوانی ڕۆژهەڵات لە سمینارێکی تایبەت بە باس لە چۆنیەتیی ئامادەکارییەکان بۆ چوارەمین کۆنفرانسی لاوانی چوار پارچەی کوردستان لە هۆڵی دیالۆگی ناوەندی چاودێری گیرا. |  |
| ١٣ | ١٥ی مای ٢٠١٤ | شاندێکی ئەنجومەنی نیشتمانی کورد لە ڕۆژاوای کوردستان پێکهاتوو لە نوێنەرانی؛ حیزبی ڕۆژاوای کوردستان بە مەبەستی تاوتوێ کردنی بارودۆخی سیاسیی ئەمڕۆی ڕۆژاوای کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد کە لە لایەن هەیئەتێکی حیزبەوە بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ١۴ | ١۴ی مای ٢٠١٤ | ڕێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، ئەندامی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ "وشە" دەڵێ: "ئەوەی لەو نووسینەدا لەسەر پێوەندی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی گوتراوە، تەنیا جنێوێکە داویەتی کە بۆ جوابدانەوە نییە، |  |
| ١۵ | ١۴ی مای ٢٠١٤ | حەوتەمین سمینار کۆمەڵایەتی لە ژێر ناوی بە یەکەوە ژیان بە بەشداری بەشێکی بەرچاو لە ڕێکخراو سیاسەکانی ولاتی ئوتریش و بەشداری بەرچاوی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە شاری لینز سەر بە پارێزگای ئوبێرئوسترایش بەڕێوە چوو . |  |
| ١۶ | ١۵ ی مای ٢٠١٤ | لە بەرنامەی پرسی ڕۆژی تەلەفزیۆنی کوردکاناڵ دا بەڕێز کاک جەلیل گادانی، تێکۆشەری دێرینی ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وڵامی بێ ڕێزییەکانی کۆنسوولگەری ڕژیمی ئێران لە شاری سلێمانی، بە گەلی کورد و مێژوو و سەرورییەکانی گەلەکەمان دەداتەوە. |  |
| ١٧ | ١٨ی مای ٢٠١٤ | کۆمیتەی لینشۆپینگ،ی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی لە ژێر ناوی پەیوەندی ڕێکخراوە کوردیەکان لەگەڵ ئوپوزیسیۆنی ئێرانی بۆ کاک سۆران ئەمینی ئەندامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزب لە لینشۆپینگ پێک هێنا. |  |
| ١٨ | ١٨ی مای ٢٠١٤ | بەشداریی کۆمیتەی ڕۆژئاوای کانادای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سمینارێکی ماڵی کورد لە ڤانکوێردا بۆ باس لە سەر پرسی کورد کە بەشداریی ژمارەیکی بەرچاو لە کوردانی هەموو بەشەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، |  |
| ١٩ | ١٨ی مای ٢٠١٤ | وتووێژی بەرنامەی ڕووداوی ڕۆژ،ی تەلەفزیۆنی ڕووداو لەگەڵ بەڕێز مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وڵامی کۆمەڵێک پرسیار و بابەتی دایەوە کە پەیوەندی بە ڕەوشی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەبوو. |  |
| ٢٠ | ٢٠ی مای ٢٠١٤ | هەیئەتێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە ئیبراهیم زێوەیی‌و حسن کاکیلی سەردانی نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەولێریان کردو لە لایەن شاندێکی بزووتنەوە بە سەرپرستیی مستەفا شەمامی، بەرپرسی شورای هەماهەنگی بزووتنەوە پێشوازییان لێ کرا . |  |
| ٢١ | ٢١ی مای ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٦٣٢ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەت و وتاری سیاسی، مێژوویی، ئەدەبی و هونەری و چەندین بابەتی تایبەت بە پرسی ژنان، لە لایەن کۆمسیۆنی چاپەمەنی حیزبەوە بڵاو کرایەوە. |  |
| ٢٢ | ٢١ی مای ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان پێکهاتوو لە کاک کمال کریمی وکاک حسن قادرزادە، ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ئیبراهیم زێوەیی نوێنەری حیزب لە هەولێرو ئەحمەد سادق‌پور بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان، سەردانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارێزگای هەولێری پارتی دێمۆکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن شاندێکی ئەو ئەنجومەنە بە سەرپەرستیی کاکەمین نەجار، سەرۆکی ئەنجومەن‌و ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی‌یەوە ، پێشوازییان لێ کرا . |  |
| ٢٣ | ٢١ی مای ٢٠١٤ | شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب‌و هاوڕێیەتیی خاتوو نەسرین حەدداد، کاک عومەر شاداب‌و فەتاح ئیلخانیزادە سەردانی مەڵبەندی ٤ای یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی لە شاری کۆیە کردو لەلایەن شاندی خانەخوێ بە سەرپەرستیی کاک ڕەهبەر سەید برایم پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ٢۴ | ٢٢ی مای ٢٠١٤ | ژمارە ١٤٣ای گۆڤاری دنیای منداڵان، بە کۆمەڵێک بابەتی سەرنج ڕاکێش و منداڵانەی ڕەنگاوڕەنگ، هۆنراوەی کورد، ڕێنوێنی و ناساندن و هەروەها بە چەندین وێنەی دەستکێشی منداڵانی کوردەوە، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانەی. |  |
| ٢۵ | ٢٤ی مای ٢٠١٤ | بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی شاری ئۆرێبروو-ی وڵاتی سوید،شەوێکی شێعرو گۆرانی کوردی لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە هاوکاری یەکێتی ژنان و کۆمەڵەی سوئێدی کوردی لە شاری ئۆرێبرو بۆ شاعیری پێشمەرگە مامۆستا عاشق و هونەرمەندی دەنگ خۆش عومەر گەردی بەڕێوە چوو. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٦ | ٢٤ی مای ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی مستەفا مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان سەردانی ناوەندی سەرکردایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی کرد و لە لایەن هەیئەتێکی کۆمەڵەوە بە سەرپەرستی عومەر ئیلخانیزادە سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە بە گەرمی پێشوازییان لێکرا . |  |
| ٢٧ | ٢٤ی مای ٢٠١٤ | لە درێژەی کار و چالاکییە پەروەردەییەکانی بەشی پەروەردە و ڕاهێنانی کۆمیتەی حیزب لە نۆروێژدا،خولەک، کلاسێکی ئاموزشی دەربارەی شیکردنەوەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەڕێز هاشم ڕۆستەمی بەڕێوەچوو. |  |
| ٢٨ | ٢٦ی مای ٢٠١٤ | کاک خالید عەزیزی، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ تۆڕی میدیایی ڕووداودا دەڵێ: ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە سیاسەتەکانیاندا لە بەرامبەر ئێران، سەرنجەکانیان بە تەنیا تەرکیز لە سەر بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئەو وڵاتە کۆبکەنەوە، ئەوا ڕەنگە لەو سیاسەتەیاندا سەرکەوتوو نەبن. |  |
| ٢٩ | ٢٦ی مای ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتیری گشتیی حیزب سەردانی بزووتنەوەی گۆڕان لە مەکۆی سەرەکیی ئەو بزووتنەوەیەی لە شاری سلێمانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی خانەخوێ بە سەرپەرستیی دوکتور محەممەد حاجی، ڕیکخەری ژووری پێوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٣٠ | ٢٧ی مای ٢٠١٤ | شێخ دلێر نەقشبەندی، سەرۆکی ڕێکخراوی ئاشتیی خێرخوازی لە هەرێمی کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێری کردو لەلایەن شاندی نوێنەرایەتیی حیزب بە سەرپەرستیی کاک ئیبراهیم زێوەیی پێشوازیی لێ کرا. |  |
| ٣١ | ٢٨ی مای ٢٠١٤ | دوکتۆر موسا کەڤاڵ، نوێنەری پارتی دێمۆکراتی کوردستانی باکور لە هەرێمی کوردستان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێری کردو لە لایەن کاک ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا . |  |
| ٣٢ | ٢٨ی مای ٢٠١٤ | بەشداریی ڕێزدار مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سیمای ناسراوی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕێورەسمی خەڵاتی دوکتوراى زانکۆی سەلاحەدین بە ئیسماعیل بێشکچی، نووسەری بە ناوبانگی تورکی دوستی نیزیکی کورد لە شاری هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان. |  |
| ٣٣ | ٢٨ ی مای ٢٠١٤ | لەسەر داواکاری نوینەرایەتی حدک لە ولاتی دانمارک چاوپێکەوتنێکی دۆستانە لەگەڵ بەریزان سیمۆن ڕێدار تۆمسۆن بەرپرسی پەیوەندیە نیونەتەوەیەکان و خانمی ئەمانادا نیلسن لە بەشی یەکیەتی لاوان واتە دی ئیس ئۆو پێک هێنا. |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا




https://serchawe.com




**ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی ژوئەنی : ٢٠١٤ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی جوونی ٢٠١٤ | ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی ڕحژی جیهانیی منداڵان ڕێورەسمێکی تایبەتیی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا بە بەشداریی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و کۆمەڵێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزب و نوێنەرانی چەند ڕێکخراوو قوتابخانە لە شاری کۆیەو هەروەها بە بەشداریی سەدان منداڵ و بنەماڵەکانی نیشتەجێ لە بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکڕاتدا بەڕێوە چوو. |   |
| ٢ | ١ی جوونی ٢٠١٤ | کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا، بەشداریان کرد لەجەژنی ٣٩ ساڵەی دامەزراندی یەکێەتی نیشتیمانی کوردستان. هەیئەتی حیزبمان زۆر بە گەرمی لە لایەن هەڤاڵانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە پێشوازیان لێکراو. | |
| ٣ | ١ی جوونی ٢٠١٤ | لە سەر بانگێشتنی کۆمیتەی نۆروێژی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بۆنەی ٣٩هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستی ئەسعەد خزری، بەرپرسی کۆمیتەی حدک لە نۆروێژ، بەشداری ئەو یادەیان کرد | |
| ٤ | ١ی جوونی ٢٠١٤ | بەشداریی بەرپرسی کومیتەی دەرەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کاک مستەفا شڵماشی لە سەر بانگهێشتنی فەرمی بەشی پەوەندییە کوردستانیەکانی دەرەوەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە ٣٩هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە شکۆیەکی گەورەوە و بە ئامادەبونی هەیئەتێک لە مەکتەبی سیاسی یەکیەتی بە سەرپەرستی بەرێز مە لا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسی لە وڵاتی هولەند بەرێوەچوو. |  |
| ٥ | ١ی جوونی ٢٠١٤ | پەیامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی مناڵان : بەناوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵانەوە پیرۆزبایی لە مناڵە چاوگەشەکان و لە هەموو ئەو بەڕێزانە کە ئەرکی قورس و پیرۆزی پەروەردە کردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیان لەسەر شانە – دایکان و باوکان و مامۆستایان- دەکەم. دەستخۆشی و سوپاسیش لە ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەم بۆ بەڕێوەبردنی ئەو ڕێورەسمە جوانە. |   |
| ٦ | ١ی جوونی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب لە کۆڕێکی ئیسماعیل بێشکچی دا بەشداری کرد کە لەلایەن ئاکادیمیای کوردی لە هولێر بۆ بێشکچی گیرابوو. | |
| ٧ | ١ی جوونی ٢٠١٤ | بەبۆنەی ٣٩ ساڵەی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کورسیتان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب، سەردانی مەڵبەندی کۆیەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانی کرد. | |
| ٨ | ١ی جوونی ٢٠١٤ | یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی منداڵان سمینارێکی هاوبەشیان بۆ محەممەد ئەحمەدیان و مەجید پالانی لە وڵاتی نۆروێژ پێک هێنا. |  |
| ٩ | ٣ی جوونی ٢٠١٤ | ئالان نایب، کوڕی تێکۆشەری دێرین و پێشمەرگەی قارەمانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک یوسف نایب، خەڵاتی یاریزانی نمونەی لاوی ساڵی ٢٠١٣ی سویدی پێبەخشرا. ئەو خەڵاتە لە یەکێک لە گەورەترین یاریگاکانی سوید، بە بەرچاوی دەیان هەزار بینەری تەلەفزیۆنەکانی ئەو وڵاتە و ئامادە بووێکی زۆر لەو یاریگایە پێشکەشی ئالان نایب کرا. |  |
| ١٠ | ٣ی جوونی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە هاوڕێیان ئامانج پیرمە و ڕەشید قازی، لە دەفتەری تایبەتی خۆی، چاویان بە بەڕیز " پێرستی مولیر، وەزیری پێشووی دەرەوەی دانمارک، کە ئیستا ئەندامی پارلەمانی ئەو وڵاتەیە کەوت |  |
| ١١ | ٣ی جوونی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دێموکڕات بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتیری گشتیی حیزب، لە شاری هەولێر پێتەختی هەرێمی کوردستان بەشداریی لە ڕێورەسمی ٣٩ ساڵەی ساڵیادی دامەزرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دا کرد. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## مانگی ژوئەنی : ٢٠١٤



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢ | ٣ی جوونی ٢٠١٤ | بەشداری بەشێک لە ئەندامانی حدک لە نۆرویژ، لە گەشتێکی نێودەوڵەتی دا لەگەڵ ڕێکخراوی خاجی سووری نێودەوڵەتی: هەڵکشان بەرەوبەرزایی" ناوی ئەو گەشتەیە شاخەوانیەیە کە ساڵانە لەلایەن ڕێکخراوی خاچی سووری جیهانیەوە ڕێک دەخرێت. |  |
| ١٣ | ٤ی جوونی ٢٠١٤ | بەیاننامە: لەبارەی دوایین قسەکانی دوکتور ئیسماعیل بێشکچی لەسەر پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان : حیزبی دیموکراتی کوردستان، هەموو کات بە چاوی ڕیزو ئەمەگناسییەوە، ڕوانین و هەڵوێستی بوێرانەی بەڕێز بێشکچیی بەرامبەر بە پرسی کوردو نەتەوەی کورد هەڵسەنگاندووە بە پێزانینەوە ئاوڕی لەو چەرمەسەری‌و تێچووانە داوەتەوە کە ئەم کەسایەتییە گەورەیە لە سۆنگەی داکۆکی لە نەتەوەی کورد تووشیان بووە. |  |
| ١٤ | ٦ی جوونی ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٣٣ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەستی سیاسی، ئابووری، مێژوویی و هەروەها بەیاننامەی و ڕاگەیێندراوە ڕەسمییەکانی حیزب و کاروچالاکی کومیتە و ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە. |  |
| ١٥ | ٦ی جوونی ٢٠١٤ | پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، یەک لەوان یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان! بە بۆنەی ١٢ای جۆزەردان [ ٣١مین ساڵرۆژی شەهیدکرانی ٥٩ ڕۆڵەی تێکۆشەری کورد ] ڕۆژی "لاوی کورد"! |  |
| ١٦ | ٧ی جوونی ٢٠١٤ | بەشداریی هەر دووک تێکۆشەری دێرین بەڕێزان مامۆستا عەبدووڵا حەسەنزادە و کاک جەلیل گادانی لە ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە ٧٠ ساڵ خەباتی تێکۆشەری ڕێگای ئازادی و سەربەستی مرۆڤەکان، دوکتور سارم خان سادق وەزیری، بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر کەسایەتی سیاسی و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شاری فرانکفۆرت،ی وڵاتی ئاڵمان. |  |
| ١٧ | ٧ی جوونی ٢٠١٤ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی کومیتەی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان لە وڵاتی سویس، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو وڵاتە، بەشدارییان لە ٣٩هەمین ساڵرۆژی دامەزرانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بە شکۆیەکی گەورەوە و بە ئامادەبونی بەشێکی بەرچاو لە کوردستانیانی دانیشتوی سوئیس و نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان لەم وڵاتە بەڕێوەچوو. |  |
| ١٨ | ٩ی جوونی ٢٠١٤ | کۆبوونەوەیەکی ئامووزشی لە سەر بەرنامەو ئەساسنامەی حیزب بۆ هاوڕێی تێکۆشەر سۆران شێرزاد لە لایەن کۆمیتە ناوچەی ئۆستفۆلدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆروێژ ڕێکخرابوو. سەرەتای کۆبوونەوەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی سوورخەلاتی گەل و نیشتمان دەستی پێ کرد. |  |
| ١٩ | ١١ی جوونی ٢٠١٤ | کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، هەڵبژێراوی کۆنگرەی پازدەهەم، دەهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی بەڕێوە برد. |  |
| ٢٠ | ١٢ی جوونی ٢٠١٤ | شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکڕات بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی کۆنسولخانەی رووسیە بەشداری لە جێژنی ڕووسیەی فیدراڵ دا کرد و لەلایەن هەیئەتی خانەخوێ بە سەرپەرستیی ڤالێری پۆسپێلۆڤ پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٢١ | ١٣ ی جوونی ٢٠١٤ | یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ بە هەماهەنگی لە گەڵ چەند ڕێکخراوێکی ژنان، لە ڤێستیڤاڵی ساڵانەی سترۆمێندا بە نیشاندانی کولتوور و خواردنی کوردەواری، بەشدارییان کرد. |  |
| ٢٢ | ١٤ی جوونی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی یەکیەتی ژنان بەمەبەستی گرتنی کۆبونەوەی تەشکیلاتی لەو ناوچەی ئۆستفۆڵد، سەردانی کۆمیتەی ناوچەی یەکیەتی ژنانی ئۆستفۆڵدی کرد. |  |
| ٢٣ | ١٤ی جوونی ٢٠١٤ | هەڵوێستی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەم دوایانەی عێراقدا : پشتیوانی لەهەڵوێستی نەتەوەیی و بەرپرسانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین | |
| ٢٤ | ١٤ی جوونی ٢٠١٤ | ئەمرۆو داهاتووی سیاسیی ئێران و ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن" سێمینارێکی سیاسی بۆ کۆمەڵێک لە چالاکانی سەربەخۆو لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی‌و کوردستانی یەک لە وان بەڕێز کاوە ئاهەنگەری ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئۆسلۆ پێتەختی وڵاتی نۆروێژ بەڕێوەچوو. |  |
| ٢٥ | ١٤ی جوونی ٢٠١٤ | بەشداریی خاتوو هێرۆ یوسف پوور نوێنەری یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە فینلاند لە سێمینارێک بە ناوی "ڕۆڵی ژن لە پێکهێنانی ئازادی ومافی ژن لە دەوڵەتدا' بە بەشداری نزیک بە ٨٠ کەس لە چالاکانی مافی ژنان و نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی دەت بە ژنان، لە هێلسینکی پێتەختی وڵاتی فینلاند . |  |
| ٢٦ | ١٥ی جوونی ٢٠١٤ | کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نێو کۆری کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتدا جەختی کردەوە کە مەیدانی سەرەکیی کارو تێکۆشان و هەڵسووڕانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئەوەی لە ئێران دەتوانێ ببێتە فاکتەری سەرەکیی گۆڕان یان نەمانی ئەوە حاکمییەتە، |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۲۷ | ۱۵ی جوونی ۲۰۱۴ | هەیئەتێکی کۆمیسیۆنی پێوەندییەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێر پێکهاتوو لە کەریم کەریمی و محمد فرهادزادە سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان لە شاری هەولێر کردو لە لایەن ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبەوە پێشوازییان لێکرا . |  |
| ۲۸ | ۱۷ی جوونی ۲۰۱۴ | لە ڕێوڕەسمێک دا بە سروودی نەتەوایەتیی " ئەی رەقیب"و ڕاگرتنی ساتێ بێدەنگی بۆ ڕیزدانان لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان لە یەکێ لە سالۆنەکانی بەڕێوەچوونی بۆنەو ریوڕەسمەکانی حیزب جێژنی کۆتایی فێرگەی سیاسی _ نیزامیی دەورەی ۲۰۷ی سەرەتایی پێشمەرگە بەڕێوە چوو. |  |
| ۲۹ | ۱۸ی جوونی ۲۰۱۴ | ژمارە ۱۴۴ی گۆڤاری دنیای منداڵان، بە کۆمەڵێک بابەتی سەرنج ڕاکێش و منداڵانەی رەنگاوڕەنگ، هۆنراوەی کورد، ڕێنوێنی و ناساندن و هەروەها بە چەندین وێنەی دەستکێشی منداڵانی کوردەوە، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانەی. |  |
| ۳۰ | ۱۸ی جوونی ۲۰۱۴ | سەردانی نوێنەرایەتی هێزە کوردستانیەکان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئوتریش لە بارەگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان. مەبەستی لەم سەردانە، دەربڕینی پشتیوانی هێزە کوردستانیەکان بوو، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان. |  |
| ۳۱ | ۲۱ی جوونی ۲۰۱۴ | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی بۆ سەرۆکایەتیی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان نارد: بە بۆنەی پێکهاتنی کابینەی هەشتەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانو دەستبەکاربوونەوەی ئێوەی بەڕێز لە پۆستی سەرۆک وەزیریدا، لە لایەن خۆمەوەو بە ناوی هەموو ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، پربە دڵ پیرۆزباییتان لێ دەکەم |  |
| ۳۲ | ۲۱ی جوونی ۲۰۱۴ | رۆژنامەی کوردستان ژمارە ۶۳۴، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە کۆمەڵێک بابەت و وتاری سیاسی، بەیاننامە و ڕاگەیێندراوە ڕەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی کومیتە و ئۆرگانەکانی حیزب لە دەرەوە وڵات و چەندین بابەتی ئەدەبی، هونەری چاپ و بڵاو کرایەوە. |  |
| ۳۳ | ۲۳ی جوونی ۲۰۱۴ | لەسەر بانگێشتنی فە رمی پارتی دیمۆکراتی کوردستان لقی دانمارک، هەئیەتێکی حیزبی دیمۆکرات لە کۆمیتە دانمارک پێکهاتوو لە بەڕێزان بەکرە محمد زادە، رەسول موتەفیق ئەدیب، رەشید قازی و ئاسۆ ئامادە بەشداری کۆبونەوەی بەرینی هێزە کوردستانێەکانیان کرد. |  |
| ۳۴ | ۲۵ی جوونی ۲۰۱۴ | کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بەشداری سکرتێکی گشتی حیزب کۆبونەوەیەکی سیاسی تەشکیلاتی بۆ کۆمەڵێک لە لاوان و خوێندکارنی ئەندامی حیزب پێک هێنا . |  |
| ۳۵ | ۲۵ی جوونی ۲۰۱۴ | لە سەر بانگێشتنی رەسمی لارس ئەرسلیو ئاندرسن بەرپرسی بەشی نیونەتەوەی زانکۆی کۆپینهاک، کۆبونەوەیەک بۆ چوار زانا ولێکۆلێنەر وشارەزا لەسەر بارودۆخی ئیران و ئیراق و تورکیە و سووریە بۆ نوینەرانی حیزبە کوردستانیەکان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوەکانی دانمارکی پێکهات. |  |
| ۳۶ | ۲۸ی جوونی ۲۰۱۴ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی کومیتەی ئوتریش،ی حیزبی شیوعی کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان کومیتەی ئوتریش، لە ۸۰مین ساڵیادی دامەزرانی ئەو حیزبە دۆستە برا دا بە شداریان کرد. |  |
| ۳۷ | ۲۸ی جوونی ۲۰۱۴ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی حیزبی سوسیالیستی سوئیس، هەیئەتێکی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو وڵاتە، بە سەرپەرستی بەڕێز زاهیر شاعیری و هاوڕێیەتی ئەحمەد ڕەسووڵی، لە کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی ئەو حیزبە دا بەشدارییان کرد. |  |
| ۳۸ | ۲۸ی جوونی ۲۰۱۴ | بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕیوڕەسمێکی تایبەتدا کە بۆ یادو بیرەوەریی قوربانیانی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت. بە دەسپێشخەریی ڕێکخراوی کوردستانی بێ ژێنۆسایدو بە هاوکاریی بەڕێوبەریی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەولێرو لە ساڵۆنی چوارچرای ئەم شارەدا بەڕێوە چوو، |  |
| ۳۹ | ۳۰ی جوونی ۲۰۱۴ | کومیتەی بریتانیای حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاکسیۆنی پشتیوانی لە هەریمی کوردستانو قسەکانی مەسعود بارزانی کە لە وڵاتی بریتانیادا بەڕێوەچوو، بەشداری کرد. |  |
| ۴۰ | ۳۰ی جوونی ۲۰۱۴ | بەبەشداریی هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەی شۆرای ئەنترناسیوناڵ سۆسیالیست لە شاری میکزیکۆسیتی لە وڵاتی میکزیک دەستی بە کارەکانی خۆی کرد |  |
| | | | |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com







سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com






ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی ژوئیەی : ٢٠١٤ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی جوولای ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەردانی مەکۆی سەرەکیی بزووتنەوەی گۆڕانیان لە شاری سلێمانی کردو، لە لایەن هەیئەتێکی پایەبەرزی بزووتنەوەی گۆڕانەوە بە سەرپەرستیی کاک نەوشیروان مستەفا پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ٢ | ١ی جوولای ٢٠١٤ | پاش بەڕێوبردنی سێ کۆبوونەوەی بەرین بە بەشداری نوێنەرانی زۆربەی هەرە زۆری هێزە کوردییەکان یەک لەوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ولاتی دانمارک،لە مەر ئالۆگۆڕەکانی ئەم دۆایانەی هەرێمی کوردستان دوو نامە ئاراستەی هەریەکە لە دام و دەزگا حکومییەکانی کوردستان و وڵاتی دانمارک کرا. |  |
| ٣ | ٢ی جوولای ٢٠١٤ | بانگەواز کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان لە بارەی چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی یادی ٢٥ ساڵەی تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن. | |
| ٤ | ٣ی جوولای ٢٠١٤ | کۆمیتەی پەروەردەی خێزانیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ورکشۆپێکی لە ژێر ناوی " ئەمنیەتی دەروونی و توندو تیژی بە نسبەت منداڵان" بۆ بەڕێز فەردین کەریمی، کارناسی دەروونناسی بۆ بنەماڵەکانی نێو کەمپەکانی حزبی دێموکرات بەڕێوە برد. |  |
| ٥ | ٤ی جوولای ٢٠١٤ | بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕووداو: بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆم لە هەرێمی کوردستان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان قانوونی، بەجێ و زۆر گرینگ و مێژوویی دەبێ و دەبێ وابکرێ سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی زلهێزی بڕیاردەرەوە وەک دەرفەت چاوی لێ بکرێ، نەک وەک مەترسی و هەڕەشە. |  |
| ٦ | ٤ی جوولای ٢٠١٤ | بەڕێز عومەر باڵکی ئەندامی دەفتەری سیاسی بۆ ڕادیۆ نەوا دەڵێ: پێویستە جارێکی دیکە پرۆسەی کۆنگرەی نەتەوەیی بێتە ئاراوە، و حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان لە دەوری یەک مێز کۆببنەوەو خوێندنەوەیەکی دیکەیان بۆ بارودۆخی ئێستای کوردستان هەبێ. |  |
| ٧ | ٥ی جوولای ٢٠١٤ | کۆمیسیۆنی پەروەردەو لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ باس لە سەر ئەندێشەو ڕوانگەکانی شەهید دوکتور قاسملوو، سمینارێکی بۆ کاک قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕات و دوکتور ئاسوی حەسەنزادە، ئەندامی کومیتەی ناوەندی پێک هێنا. |  |
| ٨ | ٥ی جوولای ٢٠١٤ | بەشداریی بەرچاوی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ لە خۆپیشاندانی کۆمیتەی پشتگریی لە سەربەخۆیی کوردستان، کاتژمێر پێنجی ئێوارەی ئاپۆری کوردان لە پێش ئیستگەی شەمەنەفەری ئۆسلۆ بەناو شەقامی "کارلووهان گاتا" کە ژمارەیەکی بەرچاوی لە نوروێژی و توریستی لێ بوو، وەریکەوتن. |  |
| ٩ | ٥ی جوولای ٢٠١٤ | ڕێبوارانی ڕێگای د. قاسملوو لە شار و ناوچەکانی پیرانشار بۆ یادو بیرەوەریی شەهیدانی ٢٢ی پووشپەڕ و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ ڕێگاو ئامانجی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو، بە شێوەیەکی بەرین وێنە و تراکتی تایبەت بە ٢٢ی پووشپەڕیان لە نێو گوندو شاردا بڵاو کردەوە. |  |
| ١٠ | ٥ی جوولای ٢٠١٤ | بەشێک لە ئەندامی حدک لە وڵاتی سوئید لە هاتنی بەڕێز دوکتور فرێدریک تیسۆ دۆستی ماندوویی نەناسی نەتەوەی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ سەردانێک هاتووەتە وڵاتی سوئێد.بۆ ڕێز و سپاس و پێزانینی زەحمەتەکانی ناوبراو، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ خۆی ئێوارەخوانێکیان لە ماڵی یەکێک لە ئەندامانی حیزب لە ستۆکهۆڵم بۆ ڕێکخست. |  |
| ١١ | ٧ی جوولای ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٣٥ ، ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تایبەتی یادی ٢٥ی شەهید بوونی دکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی، بە پاشکۆیەکی چەند لاپەڕییەوە چاپ و بڵاو کرایەوە. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢ | ٩ی جوولای ٢٠١٤ | لە مەهاباد بەبۆنەی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملووو هاوڕێیانی ، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بۆ نوێکردنەوەی بەڵێنی وەفا لەگەڵ دوکتور قاسملووی شەهید بە چالاکیی تەبلیغیو بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهید و تراکت و دروشمی حیزبی یادو بیرەوەیی شەهید دوکتور قاسملووو عەبدوڵڵا قادری ئازەریان بەرزو پیرۆز ڕاگرتوە. |  |
| ١٣ | ١٠ی جوولای ٢٠١٤ | وتووێژی تایبەتی کوردکاناڵ لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە پەیوەندی لەگەڵ ٢٥هەمین ساڵیادی شەهید کرانی دکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو و هاوڕێیانی لە لایەن تێرۆریستانی ڕژیمی ئیسلامی ئێرانەوە. |  |
| ١٤ | ١١ی جوولای ٢٠١٤ | بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی تیرۆرکرانی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە زۆربەی شارەکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغی کراوەو ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدان و نوسینی دروشمو بڵاوکردنەوەی تراکتی تەبلیغیی حیزب یاد بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەن یان بەرز ڕاگرتوە. |  |
| ١٥ | ١١ی جوولای ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە شاری بانە بۆ نوێکردنەوەی بەڵێنی وەفا لەگەڵ دوکتور قاسملووی شەهید بە چالاکیی تەبلیغی و بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕێبەرانی شەهیدو تراکتو دروشمی حیزبی، یادو بیرەوەیی شەهید دوکتور قاسملووو عەبدوڵڵا قادری ئازەریان بەرزو پیرۆز ڕاگرتوە. |  |
| ١٦ | ١٢ی جوولای ٢٠١٤ | حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و عەبدوڵلا قادریئازەر یادو بیرەوەریی شەهیدانی ڤییەن ، بەبەشداریی کۆمەڵێک میوان لەکەسایەتییە سیاسییەکان و نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکانی باشووری کوردستان و سەدان کەس لەکادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەسروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لەیادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزب و گەل دەستی پێکرد. |   |
| ١٧ | ١٢ی جوولای ٢٠١٤ | یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی ڕێبەری مەزنی کورد شەهید عەبدولرەحمان قاسملوو و ١٥ ساڵەی مەرگی کاک سەید سەلام عەزیزی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب هەڵمەتێکی نەمام چاندی بۆ بەرزڕاگرتنی یادو بیرەوریی ئەوان بە ڕێوە برد. |  |
| ١٨ | ١٢ی جوولای ٢٠١٤ | پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملووی نەمرەوە : لە یاد و بیرەوەریی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی د. قاسملوو دا سەری ڕێز بۆ گیانی پاکی دادەنوێنێ و ڕێز لەو خزمەتە بێوێنانەیەی دەگرێ کە بە نەتەوەی کورد بە گشتی و بە ژنانی ستەملێکراوی کورد بەتایبەتی کردوونی. | |
| ١٩ | ١٢ی جوولای ٢٠١٤ | پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ساڵەی شەهیدبوونی د.قاسملووی ڕێبەرەوە : دڵنیاشین ئەگەر درێژەدەرانی ڕێگەی قاسملووو نەتەوەکەی قاسملوو، هەروا بە وشیاری و لێبراوییەوە، درێژە بە خەباتی ڕەوای خۆیان بدەن، گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە ئامانجەکانی دەگات و ئاواتی بەرزی قاسملو و هەموو شەهیدانی کوردستان وەدی دێ. |  |
| ٢٠ | ١٢ی جوولای ٢٠١٤ | لە ڕێوڕەسمێک دا بە بەشداریی دەیان کەس لە چالاکانی سیاسی و ئەندامانی حدک لە ڤانکۆڤێری کانادا و بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان و لە سەروو هەموویانەوە شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی لە ٢٥ ساڵەی تێرۆری ڤییەن دا یاد و بیروەریی شەهید دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی بەرز ڕاگیرا. |  |
| ٢١ | ١٣ی جوولای ٢٠١٤ | کۆڕیادی ٢٥ساڵەی تێرۆری شەهیدانی وییەن لە ئۆسلۆی پایتەختی نۆروێژ بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد کە بابەت و هەڵسەنگاندنی ٥ کەسایەتی سیاسی کورد و غەیرە کوردی لە خۆ گرتبوو . |  |
| ٢٢ | ١٣ی جوولای ٢٠١٤ | بە ئامادەبوونی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەڕێز خالید عەزیزی و بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و میوانانی ئێرانی و کوردستانی، بە بۆنەی یادی ٢٥ ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو و هاوڕێیانی، ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە گۆڕستانی پێرلاشێز لە شاری پاریس بەڕێوەچوو. |  |
| ٢٣ | ١٣ی جوولای ٢٠١٤ | بەشداریی بەڕێز حەسەنی حاتەمی ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشکەش کردنی وتارێک، پشتیوانی حیزبی لە داوای ڕەوای خۆپێشاندەران ڕاگەیاند.خۆپێشاندانێکی گەورە لە گۆڕەپانی" مێدبۆریارپلاتسێن"ی شاری ستۆکهۆڵم بە مەبەستی پشتیوانی دەربڕین لە ڕاپرسی بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان پێکهات. |  |
| ٢٤ | ١٤ی جوولای ٢٠١٤ | لە ٢٥ ساڵەی شەهید بوونی دوکتور قاسملووی نەمردا، بە دەسپێشخەری و ڕێکخستنی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە بریتانیا، سیمینارێک بە بەشداریی خاتوو بەیان سامی عەبدولڕەحمان نوێنەریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و کۆمەڵێک ڕێکخراوی ئێرانی و دەیان کەس لە کەسایەتییە سیاسی و فەرهەنگییە کورد و ئێرانی و بیانییەکانی دانیشتووی لەندەن، سیمینارێک لە یەکێک لە هۆڵەکانی پارلمانی بریتانیا بەڕێوە چوو. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥ | ١٥ی جوولای ٢٠١٤ | پرسەو سەرخۆشی ناوەندی راگەیاندن حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی دۆستی بە نرخ و لەمێژینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەسایەتیی نیشتمانپەروەر و ناوبەدەرەوەی دەڤەری پشدەر، خوالێخۆشبوو بەڕێز شێخە دێگەیی. |  |
| ٢٦ | ١٥ی جوولای ٢٠١٤ | سوپاسنامەی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان : حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە ڕێزو پێزانینەوە دەڕوانێتە وەفاداری و هەڵوێستی ئەمەگناسانەی هەمووی ئێوە هۆگران و ئەویندارانی بیرو خزمەتەکانی د.قاسملوو. بە بۆنەی بەشداریتان لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانی یادی ٢٥ساڵەی تیرۆری ئەو ڕێبەرە مەزنەدا. | |
| ٢٧ | ١٦ی جوولای ٢٠١٤ | پاش چەند جار دانیشتن لەگەڵ بەرپرسانی سۆسیال دیمۆکراتەکان و بەشی پەیوەندییە نیونەتەوەییەکانی ئەم ریکخراوەیە لە ولاتی دانمارک، بڕیار درا کە لەمەودوا حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بۆ کۆنفرانس و کۆنگرەی ئەو حیزبە بانگهێشت بکرێ. | |
| ٢٨ | ١٦ی جوولای ٢٠١٤ | پۆلێک لە لاوانی خوێن گەرمی شاری مەریوان کە نزیک بە ٤٠ کەس دەبوون لە پارکی ٢٦ی گوڵانی ئەم شاری کۆبوونەوەو ٢٥ مۆمیان بە بۆنەی تیرۆرکرانی شەهید قاسملوو داگیرسان و بە دەرکردنی بەیاننامەو بڵاوکردنەوەی تراکت و وێنەی شەهید قاسملوو و هاوڕێیانی ڕێژیمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان مەحکوم کرد. |  |
| ٢٩ | ١٦ی جوولای ٢٠١٤ | لە سەر داوای فەرمی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو بە میوانداریی جۆنسۆن ستار، بەڕێوەبەری بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەزارەتخانەی دەرەوە گروپێک بە نوێنەرایەتیی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران یەک لەوان نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کەماڵ باڵنوور، سەردانی ئەو وەزارەتخانەیان کرد. |  |
| ٣٠ | ١٩ی جوولای ٢٠١٤ | پەیامی پیرۆزبایی و بەخێرهاتنەوە سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان: لە لایەن خۆمەوە و بە ناوی دەفتەری سیاسی و ڕێبەریی حیزب و هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە گەرمی بەخێرهاتنەوەی سەرۆک مام جەلال بۆ کوردستان دەکەم. هەر لەم پێوەندییە دا لە قووڵایی دڵەوە پیرۆزبایی و چاوو دڵ ڕوونی لە ئیوە و بنەماڵە تێکۆشەرەکەی و سەرجەم هۆگران و خۆشەویستانی مامی بەڕێز لە نێو یەکیەتیی نیشتمان ، لە نێو نەتەوەی کوردو لە نێو خەڵکی عێراق دا دەکەین. |   |
| ٣١ | ٢٠ی جوولای ٢٠١٤ | ژمارەی ١٤٠ گۆڤاری دنیای منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە. دنیای منداڵان، گۆڤارێکی مانگانەی هەمەڕەنگی منداڵانە کە ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاوی دەکاتەوە. | |
| ٣٢ | ٢١ی جوولای ٢٠١٤ | بە بەشداری بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی و کادر و پێشمەرگەو بنەماڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان جێژنی کۆتایی دەورەی تایبەتی خولی سەرەتایی پێشمەرگە بۆ کۆمەڵێک لە لاوانی کورد و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نیشتەجێی وڵاتانی ئورووپایی و هەروەها لاوانی ئەندامی حیزب لە نێو بنەماڵەکانی حێزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕێوەچوو. |  |
| ٣٣ | ٢٢ی جوولای ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٣٦ بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و هونەری، ڕاگەیاندراوە فەرمەییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچاکی کومیتە و ئۆرگانەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٣٤ | ٢٥ی جوولای ٢٠١٤ | پەیامی پیرۆزبایی سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ ڕێزدار د.فواد مەعسووم سەرکۆماری نوێی عێراق خۆشحاڵم کە لە لایەن خۆمەوەو بە ناوی ڕێبەرایەتی و سەرجەم تیکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە بۆنەی هەڵبژێرانت بە سەرۆک کۆماری عیراق گەرمترین پیرۆزباییت پێشکەش بکەم. |  |
| ٣٥ | ٢٦ی جوولای ٢٠١٤ | بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی بریتانیاو بەشێک لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان یەک لەوان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە پرسی ڕێفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و هەروەها هێما نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی رەقیب دەستی خۆپێشاندانێکیان بەڕێوە برد |  |
| ٣٦ | ٢٦ی جوولای ٢٠١٤ | بەشداریی و هاوکاریی ئەندامانی حێزبی دێموکراتی کوردستان لە فەرانسە لە کەمپەینی پشتیوانی لە هێما نەتەوییەکانی گەلی کورد و بە هاوکاریی کۆڕی کوردەکانی دانیشتووی فەرانسەو بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە پروسە ڕێفراندوم بۆ سەربەخویی کوردستان خۆپیشاندانێکی بە بەشداری سەدان کەس لە کوردانی هەر چوار پارچە کورستان بەڕێوە برد. |  |
| ٣٧ | ٢٦ی جوولای ٢٠١٤ | کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا بە هاوڕێیەتیی سامان ئاراستەفەر، ئەندامی کومیتەی بلژیکی حدک سەردانی نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکیەتیی ئورووپایان کردو لەگەڵ دلاوەر ئاژگەیی، نوێنەری حکومەتی هەریم لە یەکیەتیی ئورووپاو زانا کوردە، کادری ئەو نوێنەرایەتییە دیدارو گفتوگۆیان کرد. |  |
| ٣٨ | ٢٧ی جوولای ٢٠١٤ | پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی رەمەزانەوە : بەبۆنەی هاتنەوەی جێژنی رەمەزان پیرۆزبایی گەرمی خۆمان پێشکەش بە هەموو موسوڵمانانی کوردستان و جیهان دەکەین. |  |
| ٣٩ | ٢٨ی جوولای ٢٠١٤ | پەیامی ڕێزدار خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی جیژنی رەمەزانەوە : بە بۆنەی هاتنی جیژنی پیرۆزی ڕەمەزانەوە، لە لایەن خۆم و ڕێبەری و سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی موسوڵمانانی جیهان بە گشتی و کوردستان و ئێران بە تایبەتی دەکەم. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠ | ٢٧ی جوولای ٢٠١۴ | کۆمسیۆنی پەروەردەو بارهێنانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، بە بەشداریی دەیان کەس لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆڕێکی ئەدەبیی بۆ بەڕێز د.محەممەد ڕەوەندی شارەزا لە ئەدەبیات و زمانی کوردی و پروفسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سەلاحەدین لە سەر شیکردنەوەی شێعرێکی نالی پێک هێنا. |  |
| | | سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا | |






https://serchawe.com





ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی



| | | | |
|---|---|---|---|
| ١ | ٢ی ئووتی٢٠١٤ | ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، دەرەوەی وڵات بەبۆنەی کۆچی دوایی ڕەشیدی فەلاحی : بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە رادەگەیەنین ئەندامی دێرین و بە وەفای حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێبواری ڕێگای پێشەوا قازی محەممەد و ئەویندااری کۆماری کوردستان، ڕەشیدی فەلاحی، ناسراو بە" ڕەشەی قاچاخچی"،لە وڵاتی نۆروێژ کۆچی دوایی کرد. | |
| ٢ | ٣ی ئووتی ٢٠١٤ | ژمارە٥٤-٥٣ ی گۆڤاری لاوان، ئۆرگانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە چەندین بابەتی سیاسی، ئەدەبی، کلتووری و هونەرییەوە بڵاو کرایەوە. |  |
| ٣ | ٥ی ئووتی ٢٠١٤ | بەیاننامە: دەربارەی شەڕفرۆشیی (داعش) بە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان : ئافەرین بۆ خۆڕاگریی قارەمانانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەنێرین کە وەک لەمپەرێکی پۆڵایین پێشی بە چوونەپێشی نەخشەو پلانەکانی داعش گرتووە ئامادەیە بۆ وەدەست هێنان و چەسپاندنی مافەکانی خەڵکی کوردستان هەموو جۆرە قوربانی‌یەک بدا. لەو پێوەندی‌یەدا ڕادەگەیەنین هەرکات بە پێویست بزانرێ ئامادەین بە هەموو ڕێگایەکی گونجاودا یارمەتی بەو خۆڕاگری‌یە شکۆدارە بکەین. | |
| ٤ | ٥ی ئووتی ٢٠١٤ | لەو ڕێورەسمەدا کە بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دوو کوڕی پێشمەرگەی خوالێخۆشبوو مستەفا شاریکەندی بەڕێوەچوو، ڕێز لە تەمەنێک خەبات و فیداکاریو نیشتماندۆستیی ئەو نراو یادو بیرەوەریی بەرز ڕاگیرا. |  |
| ٥ | ٦ی ئووتی ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٣٨ ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە کۆمەڵێک وتار و بابەتی سیاسی و هەواڵ و هەروەها بەشی ئەدەب و هونەر پێک هاتووە، لە ژێر چاپ هاتەدەر. |  |
| ٦ | ٨ی ئاگۆستی ٢٠١٤ | یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات وێڕای بەپەرۆش بوونمان لە دۆخی ئاوارەکانی شەنگال ، پشتیوانیی خۆمان بە هەموو شێوەیەکی گونجاو ڕادەگەێنین و دەستخۆشی لە هێزی پێشمەرگەو ورەی پۆڵایینیان دەکەین و داواکارین کە هێزی پێشمەرگە بە ورەی بەرزی وڵاتپارێزییەوە، | |
| ٧ | ٩ی ئووتی ٢٠١٤ | قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی " دوارۆ ژدا"دەڵێ : کورد وەک نەتەوەیەکی گەورەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست، نەک هەر لە باشووری نیشتمانەکەی، بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان، مافی بێئەملاوئەولای خۆیەتی بەو جۆرەی پێی خۆشە لە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بڕیار بدا. |  |
| ٨ | ١٠ی ئووتی ٢٠١٤ | مەجمەعی سێکۆلار دێموکراتەکانی ئێران دووهەمین کۆنگرەی خۆی لە شاری "بۆخوم"ی ئاڵمان پێک هێناو هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش پێکهاتوو لە کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی کومیتە ناوەندی حیزبی دێموکڕات و بەرپرسی پێوەندییە ئێرانییەکانی حیزب لەگەڵ ئەحمەد تاشک، ئەندامی کومیتەی ئاڵمان لەم کۆنگرەیەدا بەشدارییان کرد. |  |
| ٩ | ١١ی ئووتی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی بەبۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لە شاری پیرانشارو دەوروبەری ئەو شارە بە بڵاوکردنەوەی تراکتی تەبلیغیی حیزب یادو بیرەوەریی ئەو ڕۆژەیان بەرز ڕاگرتوە. |  |
| ١٠ | ١٢ی ئووتی ٢٠١٤ | پەیامی پیرۆزبایی سکرتیری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ بەڕێز ئۆردوغان بە بۆنەی هەڵبژێرانی بە سەرکۆماری تورکیا: بە بۆنەی هەڵبژێرانتان بە سەرکۆماری خەڵکی تورکیە، لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەم. هاوکات بە بۆنەی بەڕێوەچوونی سەرکەوتوانەی پرۆسەی هەڵبژاردن، پیرۆزبایی لە خەڵکی وڵاتەکەتان بە کورد و تورک و هەموو پێکهاتەکانی دیکەوە، دەکەین. |  |


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | ١٣ی ئووتی ٢٠١٤ | هەڵمەتی کۆکردنەوەی یارمەتی و خواردن لە بنکەکانی حیزبی دێموکرات بۆ ئاوارەکانی شەنگال : لە بنکەو بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵمەتێکی یارمەتی کۆکردنەوەو بەهاناوەچوونی ئاوارەکانی شەنگاڵ وەرێخرا. |  |
| ١٢ | ١٣ی ئووتی ٢٠١٤ | لەو خۆپیشاندانەدا و بەبەشداریی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و کوردەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان لە پێش نوسینگەی سەرۆک وەزیرانی بریتانیا بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان جەختیان لەسەر پشتیوانیی خۆیان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئاوارەکانی شەنگال کردەوە. |  |
| ١٣ | ١٣ی ئووتی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری پاوە بە بۆنەی ٢٥ گەلاوێژ، ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی و وێنەی شەهیدانی ڕێبەر چالاکیی تەبلیغییان کردوەو یادو بیرەوەریی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتیان بەرز ڕاگرتوە. |  |
| ١٤ | ١٤ی ئووتی ٢٠١٤ | بەیاننامە لە بارەی بە دەنگەوەهاتن و پشتیوانیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەڵوێستێکی نەتەوەیی : ئێمە جارێکی دیکە سوپاس و پێزانینی خۆمان بەرامبەر پشتیوانیی دۆستان و دڵسۆزان لە هەڵوێستی حیزبمان لە پێوەندی لە گەڵ ڕووداوەکانی هەرێمی کوردستان دا رادەگەیەنین. ئەم پشتیوانییەی ئێوە، حیزبی دیموکراتی کوردستان لە درێژەدانی سیاسەت و هەڵوێستی نەتەوەیی وسەربەرزانە دا، شێلگیرتر دەکا. | |
| ١٥ | ١٤ی ئووتی ٢٠١٤ | سەرەخۆشی و هاودەردی کۆمیتەی دەرەوەی ولات و ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی ناوەختی لاوی دیموکرات ئاژوان سەیدا : وێرای بە داخبوون بۆ کۆچی ناوەختی ئەم لاوە دیموکراتە ، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی ئاژوانی جوانەمەرگی ٢٢ساڵە و کەسوکار و دۆستان و ناسیاوانی ئەو لاوە لە کانادا، دەرەوەی ولات و کوردستان دەکەن و خۆیان بە هاوخەمی ماتەمیان دەزانن. گیانی ئاژوانی ناکام شاد و یادی بەرێز بێ. |  |
| ١٦ | ١٤ی ئووتی ٢٠١٤ | قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدک بە ڕۆژنامەی " خەڵک "دەڵێ : بە شێوەیەکی گشتی بزوتنەوەی کورد لەهەر بەشێکی کوردستان بێ، ئێمە وەک حزبی دیموکراتی کوردستان پشتوانی لێدەکەین، لە کوردستانی باشوریش کە خاوەن دەستکەوتە بگرە لە هەبوونی حکومەت و پارلمان و دەسکەوتەکانی دیکە لە ئێستادا هەڕەشەی بێگانەی لە سەرەو لە ژێر هەڕەشەی تیرۆرستان دان و، ئەگەر ئێمە وەک کورد بە گشتی داکۆکی لەم دەستکەوتانە نەکەین، بزوتنەوەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ دواوە. |  |
| ١٧ | ١٤ی ئووتی ٢٠١٤ | کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، بە بۆنەی مەرگی تێکۆشەرمان کاک تۆفیق عەبدوولاهی ناسراو بە " تۆفیق دۆڵەشینی پرسە و سەرەخۆشی خۆی ئاڕاستەی بنەماڵەی شۆڕشگێڕی کاکە تۆفیق لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات بە تایبەتی و لە هەموو خەڵکی ناوچەی بانە بە گشتی دەکات. |  |
| ١٨ | ١٥ی ئووتی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە مەهاباد بە بۆنەی ٦٩ ساڵەی دامەزراندنی حیزبی دێموکرات لە ئاوایییەکانی دێی مەنسوور، خێرئاوا، حاجی حەسەن، پردی ئەحمەد شامی و چوار ڕێیانی شاماتچالاکیی تەبلیغیان کردوەو بە نووسینی دروشم و بڵاوکردنەوە وێنەی ڕێبەرانی شەهیدو تراکتی تەبلیغی یادو بیرەوەریی ساڵریۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستانیان بەرز ڕاگرتوە. |  |
| ١٩ | ١٦ی ئووتی ٢٠١٤ | بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات و نوێنەری هێزو لایەنە سیاسیەکان و کوردانی دانیشتوی ولاتی فینلاند لە شاری تورکوو بەڕێوەچوو، دوکتور سەعید شەمس، مامۆستای زانکۆ باسێکی لە سەر دۆخی خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و جێگەو پێگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێشکێش کرد. |  |
| ٢٠ | ١٦ی ئووتی ٢٠١٤ | بەشداری ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سویس لە خۆپیشاندانی کانونی دیموکراتیکی ئێرانییەکان لە سویس، بە بۆنەی ٢٦مین ساڵەوەگەڕی قەتڵوعامی بەندکراوانی سیاسی لە سالەکانی ١٣٦٧ و ١٣٦٨ی هەتاوی لە لایەن ڕژیمی دژی گەلی ئیسسلامی ئێرانەوە، لە شاری بێرنی سویس . |  |
| ٢١ | ١٦ی ئووتی ٢٠١٤ | بە بەشداریی سکرتێر، ئەندامانی دەفتەری سیاسی و ڕێبەریی حیزب و نیزیک بە ١٠٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، یادی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکڕات بەرز ڕاگیراو بە ڕێزەوە باس لە ٦٩ ساڵ خەباتی بێوچانی تێکۆشەرانی دێموکڕات لە پێناو رزگاریی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرا. |  |
| ٢٢ | ١٦ ی ئووتی ٢٠١٤ | بەشداریەکی بەرچاوی کۆمیتەی واشینگتۆنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان بۆ پشتگیری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و مەحکووم و ڕیسوا کردنی جەنایەتەکانی داعش دەرحەق بەگەڵی کورد بەتایبەتی دانیشتوانی شەنگاڵ و دەوربەری لە پێش کۆشکی سپی لە واشینگتۆن. |  |
| ٢٣ | ١٦ی ئووتی ٢٠١٤ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئاوایی سەرهۆیە (مەریوان ) بە بۆنەی یادکردنەوە و بەرز نرخاندنی ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئاگریان لە سەر بەرزایییەکانی شاربەن، شاخی قەڵاو هەروەها لە نێو ئاوایی سەرهۆیە کردۆتەوە. |  |
| | | | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٤ | ١٧ی ئووتی ٢٠١٤ | بەشداری بەرپرسی بەشی پەیوەندییە سویدییەکانی حدک لە میتینگێکی بەرین بۆ ئەندامان، لایانگران و دۆستانی حیزبی سوسیال دیموکراتی سوید،کە بۆ ستێفان لۆڤێن،ی سەرۆکی ئەو حیزبە کە بۆ پرۆپاگاندەی هەڵبژاردنەکانی ١٤ی سێپتامبری ئەمساڵ بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی ئەو وڵاتە دا لە هۆڵی گراند،ی. شاری ئۆپسالا. |   |
| ٢٥ | ١٧ی ئووتی ٢٠١٤ | بە بۆنەی کۆچی نابەوەختی تێکۆشەری دێرین و کادری بە وەجی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک تۆفیق دۆلەشینی،یەوە، کۆڕێکی پرسە و سەرەخۆشی لە لایەن خزم و هاوڕێیانی ناوبراوەوە لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە زەوی،یە سپی نزیک شاری کۆیە ڕێکخرا. |  |
| ٢٦ | ١٩ی ئووتی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە ناسر قادرپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندی دەگەڵ نۆروێژییەکان و حەسەن خەمبار بەرپرسی کۆمیتە ناوچەی ئۆستفۆڵد، سەردانی حیزبی دێموکرات مەسیحی لە شاری "سارپسبۆرگ" یان کرد کە لە لایەن بەرێزان " ئوولە مووە" و" بیۆرنار گرۆنبەک"، بەرپرسانی ئەو حیزبە لە پارێزگای ئۆستفۆڵد بە گەرمی پێشوازیان لێکرا. | Kristelig Folkeparti |
| ٢٧ | ١٩ی ئووتی ٢٠١٤ | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا کە ڕۆژی ٢٨ ی گەلاوێژ لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی بۆ کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکان پێکهاتبوو، تیشکی خستە سەر ئەوەی بڕیاری خومەینی بۆ هێرشکردنە سەر کوردستان و گوتاری دوکتور قاسملوو لەسەر دیالۆگ و چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کورد لە دوو عەقڵیەتی بیرکردنەوەی تەواو جیاوازەوە سەرچاوەیان گرتبوو. |  |
| ٢٨ | ٢٠ ی ئووتی ٢٠١٤ | بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حزبی دیموکراتی کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی وشەدا سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە پێوەندی لەگەڵ دوایین پرسەکانی سیاسیی ڕۆژی ناوچە شی کردۆتەوەو لە بابەت ئەو پەیامانەی کەلەلایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان هاتوون، باس لە وەڵامی حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا دەکا. |  |
| ٢٩ | ٢٠ی ئووتی ٢٠١٤ | ژمارەی ١٤٦ گۆڤاری دنیای منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە. دنیای منداڵان، گۆڤارێکی مانگانەی هەمەڕەنگی منداڵانە کە ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاوی دەکاتەوە. |  |
| ٣٠ | ٢٣ی ئووتی ٢٠١٤ | ژمارەی کوردستان ژمارە ٦٣٨ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تایبەتی بە نیوەی دووهەنی مانگی گەلاوێژ کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. لەو ژمارە نوێیەی کوردستاندا، پەیامو بەیاننامە رەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی کومیتە و ئۆرگانەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و چەندین بابەتی سیاسی، ئەدەبی، مێژوویی بەرچاو دەکەون . |   |
| ٣١ | ٢٣ی ئووتی ٢٠١٤ | کۆمیتە ناوچەکانی ئۆستفۆڵد و وێستفۆڵدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ بە هاوکاری یەکیەتیەکانی ژنان و لاوانی دێموکرات، ٦٩ مین ساڵرۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بەبەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە دۆستان، لایەنگران و ئەندامانی حیزبەکەمان جێژن گرت. |  |
| ٣٢ | ٢٤ی ئووتی ٢٠١٤ | بەشداریی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی لە ناوچەی ئۆستفۆڵدی نۆروێژ لە ئێوارێ کۆریادێک بە بۆنەی کۆچی ماموستا شیرکۆ بیکەس لە لایان رەوەندی کوردی لە ناوچەی ئۆستفۆڵدی نۆروێژ بەرێوە چوو. لەم کۆریادەدا جگە لەهەڵو بێکەس کوری مامۆستا شێرکۆ بێکەس، دەیان کەس لە نوسەر شاعیران و چالاکانی سیاسیی بەشداری ئەم یادکردنەوەیە بوون. |  |
| ٣٣ | ٢٥ی ئووتی ٢٠١٤ | بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانیش پێکهاتوو لە بەرێزان مامۆستا عەبدوڵلا حسن زادە، قادر وریا و خالید وەنەوشە لە کرانەوەی کتیبخانەیەک بە ناوی ئەو نووسەرە بەناوبانگەی کورد مەسعود محەممەد لە شاری کۆیە. |  |
| ٣٤ | ٢٥ی ئووتی ٢٠١٤ | بەرێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوویژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی "هاووڵاتی"دا دەڵێ : هاوخەمی و هاودەردی و هاوهەڵوێستی کوردانی پارچەکانی دیکە لەو پێوەندیدا، هەست و سۆزێکی باشی نەتەوەیی بوو و ئێمە دەبێ بەهێزتریشی بکەین. |   |
| ٣٥ | ٢٦ی ئووتی ٢٠١٤ | بەرێز قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی باس نیوز دەڵێ : نابێ ئێزن بە ئێران بدری پێ لە بەرەی خۆی زیاتر ڕابکێشێ. |  |
| ٣٦ | ٢٨ی ئووتی ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە ئەسعەد خزری، بەرپرسی کۆمیتە و ناسر قادرپوور، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کومیتەی نۆروێژ، سەردانی پارڵمانی ئەو وڵاتەیان کرد و لە لایەن پێر ساندبێرگ جێگری یەکەمی پارتی پێشکەوتن خوازی نۆروێژ، پێشوازیان لێکرا. | |
| ٣٧ | ٢٩ی ئووتی ٢٠١٤ | ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بنەماڵەکانیان لە شاری لینشۆپینگ کۆبوونەوە. لەم کۆبوونەوە دا کەماڵ حەسەن پوور باسێکی باسی لەسەر پرۆسەی دێموکراسی لە ولاتی سوئێد کرد و بە گرینگی دان بە چەمکی دێموکراسی باسی خۆی سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی چەند حەوتووی داهاتووی وڵاتی سوئێد دەست پێکرد. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com



| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨ | ٣٠ی ئووتی ٢٠١٤ | حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداریی نوێنەرانی کۆنگرەو کۆمەڵێک لە میوانان بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ بەرزڕاگرتنی یادو بیرەوەریی شەهیدان، و بە دروشمی "لاوان هێزی بزوێنەری کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستانن" دەستی پێکرد. |  |
| ٣٩ | ٣٠ی ئووتی ٢٠١٤ | پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی بەستنی حەوتەمین کۆنگرەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان : لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ، بە بۆنەی بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی یەکیەتییەکەتانەوە گەرمترین پیرۆزباییتان لێ دەکەم و سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان لە پێناوی خزمەتی لاوان و دۆخی نەتەوەیی گەلی کوردستان بە ئاوات دەخوازم . |  |
| ٤٠ | ٣٠ی ئووتی ٢٠١٤ | بەشداریی بەڕێز عەزیز سەیدنژادیان، بەرپرسی بەشی پەیوەندییە سویدیەکانی کومیتەی سوید،لە کۆبوونەوەیەک بۆ نوێنەری ٦ پارتی سوید پێک هات. نوێنەری ئەو ٦ حیزبە کە بریتی بوون لە سوسیال دێموکراتەکان، پارتی ژینگە، پارتی مۆدێراتی دەسەڵات دار، پارتی گەل، پارتی سەنتەر و پارتی چەپی سویدی، لە سەر بانگهێشتی کۆمەڵەی کوردی سویدی، |  |
| ٤١ | ٣١ی ئووتی ٢٠١٤ | ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی کاریی یەک ڕۆژەی بە بەشداریی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و هەروەها ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی بەڕێوە برد.لە سەرەتای ئەم کۆبوونەوەیەدا، بەشدارانی کۆبوونەوە بۆ ڕێزگرتن لە بیرەوەریی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان، بەتایبەتی شەهیدانی ئەم دواییانەی نەتەوەی کورد کە لە بەرەکانی شەڕی دژی داعشدا گیانی خۆیان خستە پێناوی ئازادی و ئاسوودەیی گەلەکەیان، ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان. |   |
| ٤٢ | ٣١ی ئووتی ٢٠١٤ | ڕاگەیەنداوی کۆتایی کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان : هەر لەسەر بنەمای ئەو دەرفەت و قەیرانانەدا یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکگرتووی هەموو پارچەکانی کوردستانی لەمەڕ پرسە چارەنووسسازەکان بە زەروورەتی مێژوویی دەزانێت، و پێیوایە لاوانی کوردستانی گەورە دەبێ، هەوڵ و گوشارەکانیان چڕبکەنەوە بۆ ئەوەی دەرفەتی یەکگرتووی گوتاری پارچەکانی کوردستان. |  |
| | | سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا | |




سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




**ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی سێپتامبری : ٢٠١٤ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ٣ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بەشداریی بەرین و چالاکانەی ئەندامانی کۆمیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نۆرویژ لەو خۆپیشاندانێک کە بە مەبەستی مەحکومکردنی هێرشی دڕندانەی داعشییەکان بۆ سەر کوردستان و بەرگریکردن لە کەرامەتی نەتەوەیی و کیانی سیاسیی کورد لە باشوور و رۆژئاوای کوردستان، کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە بەشداریی کۆمەڵێک لە چالاکانی نۆرویژیی دۆستی کورد، |   |
| ٢ | ۴ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بەشداریی هاوڕێیان و ئەندامانی ح د ک بە هاوکاری و پشتیوانی دۆستانی حیزبی، بە شێوەیەکی چالاکانە لە فستیڤاڵی ساڵانەی حیزبی کۆمنیستی ئوتریش لە شاری ویەن بە بەشداری نوێنەرایەتی سەدان ڕێکخراو و نەتەوەی جیاواز، بە پیشاندانی فەرهەنگ و کولتوری خۆیان و هەڵواسینی وێنە و دروشمی جۆراوجۆر، هەوڵی ناساندنی خۆیان بە گەلی ئوتریش و نەتەوەکانی دیکەی جێگیر لەو وڵاتە دەدا. |  |
| ٣ | ۴ی سێپتامبری ٢٠١٤ | یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەڕیوەبردنی ڕێوڕەسمێکی بە بەشداریی سەدان کەس لە لاوان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوان و بنەماڵەکانی نیشتەجێ لە بنکەکانی حیزبی دیمۆکرات کۆتایی حەوتەمین کۆنگرەی خۆی ڕاگەیاندو لەو ڕێوڕەسمەدا وێڕای ڕێزگرتن لە بەڕێوەبەرانی پێشووی ئەو ڕێکخراوەیە، جەخت لە سەر بەردەوامی هەوڵ و تێکۆشان لە پێناو ئامانجەکانی ئەو ڕێکخراوەیە کرایەوە. |  |
| ۴ | ۵ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بەرپرسی بەشی پەیوەندیەکان ناسر قادرپوور دەگەڵ هێزە نۆرویژییەکانی حدک لە نۆرویژ، سەردانی پارلمانی نۆرویژی لە ئۆسلۆ کرد و لە لایەن پارلمانتاری حیزبی دێموکراتی مەسیحی، بەرێز گەیر بێکەڤۆلد پێشوازی لێکرا. |  |
| ۵ | ۶ی سێپتامبری ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ۶٣٩ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە قەبارەی ١٢ لاپەڕە دا، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و ئەدەبییەوە کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ۶ | ٧ی سێپتامبری ٢٠١٤ | کاناڵی ٢ی تەلەفزیۆنی دانمارک کە کاناڵێکی ڕەسمی وڵاتی دانمارکە، وتووویژێکی سەبارەت بە کوردستان و هێرشەکانی گرووپە تیرۆریستە ئیسلامییەکان بۆ سەر کوردستان لەگەڵ بەریز شاهۆ پیرانی ئەندامی لاوی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهێنا. |  |
| ٧ | ٩ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بەشداریی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە کۆبوونەوەک.کە لە لایەن 'ناوەندی پەرەسەندەنی کورد' Kurdish Progress Centre، بەمەبەستی تاوتوێ کردنی قەیرانی عێراق و باشووری کوردستان بۆ سیاسەتمەدارن و پارلمانتاران و ڕۆژنامەنووسانی ناسراوی بریتانیایی و هەروەها نوێنەری حکومەتی کوردستان لە بریتانیا لەپارلمانی بریتانیا. |  |
| ٨ | ١٠ی سێپتامبری ٢٠١٤ | پۆلێکی دیکە لەلاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای تەواوبوونی دەورەی ٢٠٨ ی فێرکاریو پەروەردەییان لە فێرگەی سیاسی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێورەسمێکدا بە بەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ڕەسمی پێوەست بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بوون. |  |
| ٩ | ١٣ی سێپتامبری ٢٠١۴ | بە سروودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان بۆ شەهیدانی کورد و کوردستان سمینارێک بە بۆنەی ٢٢ مین ساڵوەگەڕی تێرۆری شەهیدانی میکۆنۆس ،بۆ بەڕێز حەسەن حاتەمی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری ستاوانگری نۆرویژ بەڕێوە چوو. |  |
| ١٠ | ١٣ی سێپتامبری ٢٠١۴ | بەشداریی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە خۆپێشاندانی ڕەوەندی کوردی لەبریتانیا، بۆ پشتیوانی و پشتگیری لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پشتیوانی کردنی پرسی کورد دژی تیرۆر و تیرۆریستان ڕێکخست. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | ١٣ی سێپتامبری ٢٠١٤ | یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بۆنەی ٢٢ساڵەی شەهیدبوونی دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی سمینارێکی لە ژێرناوی " گرینگیو پێویستیی خوێندنەوەی کەسایەتیو کردەوەکانی دوکتور شەرەفکەندی بۆلاوان و هێزە گۆڕانخوازەکان" بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و یەکیەتیی لاوان بۆ ئارەش لوڕستانی پێک هێنا. |  |
| ١٢ | ١٧ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتو بە ساتێک بە بێدەنگی ڕاوەستان بۆ ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان بە تایبەت شەهیدانی تێرۆری مێکونوس دەستی پێکرد، کاک جەلیل گادانی، ئەندامی ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی و کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب باسەکانیان پێشکێش کرد. |  |
| ١٣ | ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بەیاننامە لە پشتیوانی لە خەڵکی کۆبانی و دەوروبەریدا : حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر لەو کاتەدا لەسەر یەکڕیزیی هێزەکانی ئەو بەشە لە کوردستان و هەموو هێزەکانی سەرجەم کوردستان لە دیفاع لە خاکو خەڵکی کوردستانداو بۆ فرەوانکردنەوەی بازنەی پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ کوردەکانی ڕۆژئاوای کوردستانیش جەخت دەکا و ئامادەیی خۆی دەردەبڕێ کە ئەوەی لە توانا و دەرەتانیدا هەیە بۆ پتەوکردن و بەکردەیی کردنی ئەم هاوڕیزی و هەماهەنگییە درێغی نەکا. | |
| ١٤ | ٢٠ی سێپتامبری ٢٠١٤ | ژمارەی کوردستان ژمارە ٦٤٠، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، ئەدەبی ، ڕۆشنبیری و بەیاننامە و ڕاگەیێندراوە ڕەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی کومیتە و ئۆرگانەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ١٥ | ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٤ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی پارتی سوسیال دیموکراتی دانمارک ،ڕۆژەکانی شەممە و یەک شەممە واتە ٢٠ و ٢١ی سپیامبەر هەیئەتیکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە بەریزان خاتوو گولاڵە شەرەفکەندی ئەندامی ڕێبەری حیزب و حوسێن حەسەن زادە بەرپرسی کومیتەی دانمارک بەشداری کۆنگرەی ئەو حیزبەیان لە وڵاتی دانمارک کرد. |  |
| ١٦ | ٢١ ی سێپتامبری ٢٠١٤ | کۆمیتەی نۆرویژی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی بیست و دووهەمین ساڵی تێرۆری سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان دکتور سادق شەرەفکەندیو هاورێیانیدا لە شاری ترۆندهایمی وڵاتی نۆرویژیش بەبەشدارایی نوێنەرانی هێزو لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ، کۆڕێکی سیاسیی بۆ کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنا. |  |
| ١٧ | ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٤ | کۆمیتەی سوئێدی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەشداری لە بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانێکدا کرد کە لە شاری ستۆکهۆڵم کە نزیکەی ٣٠٠ کەس لە کوردان و دانیشتوانی ستۆکهۆلم بە مەبەستی پشتیوانی لە ژنان و منداڵانی دەستبەسەرکراوی ئێزیدی بەڕێوەچوو. |  |
| ١٨ | ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بەشداریی نوێنەرایەتی هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان یەک لەوان نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خۆپێشاندانێک کە لەلایەن کوردانی نیشتەجێی بریتانیا کە بە مەبەستی پشتیوانی و پشتگیری لە خەڵکی خۆرئاوای کوردستان و بە تایبەت شاری کۆبانی و سەرکۆنەو مەحکوم کردنی هێرشی دەوڵەتی تێرۆریستی داعش بۆ سەر ئەو شارە، |  |
| ١٩ | ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بە میوانداراەتیی کۆمیتەی نۆروێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەشداریی کاک حەسەن حاتەمی، ئەندامی ڕێبەریی حیزب و بەرپرسی بەشی پێوەندیی هێزە کوردستانیەکان لە دەرەوەی وڵات کۆبوونەوەی هێزە کوردستانییەکان بۆ باس لە سەر گرینگترین بابەتەکانی پێوەندیدار بە کورد گیرا. |  |
| ٢٠ | ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٤ | ژمارەی ١٤٧ گۆڤاری دنیای منداڵان چاپ و بڵاو کرایەوە. دنیای منداڵان، گۆڤارێکی مانگانەی هەمەڕەنگی منداڵانە کە ناوەندی منداڵپارێزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چاپ و بڵاوی دەکاتەوە. |  |
| ٢١ | ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەسەرپەرستیی بەڕێز مستەفا شەلماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کاروباری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەدەرەوەی وڵات، بەشداریی کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبی کرێکاری بریتانیا، بە بەشداریی کۆمەڵێکی زۆر لە باڵوێزی وڵاتان، دەیان کەسایەتیی سیاسی، نوێنەری حیزبە سوسیال دێموکراتەکانی جیهان و هەروەها حیزب دۆستەکانی ئەو پارتە، لە شاری مەنچستەری بریتانیا کرد. |  |
| ٢٢ | ٢٢ی سێپتامبری ٢٠١٤ | لە پەراوێزی کۆنفرانسی ساڵانەی پارتی کرێکارانی بریتانیادا بەهەماهەنگی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردی یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشدار لەو کۆنفرانسەدا، چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ " ئین لوکوس" ئەندامی پارلمانی بریتانیاو بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و ئەفریقا لەوەزارەتی دەرەوەی بریتانیاو، هەروەها "گاری کێنت" بەرپرسی گرووپی ئەندامانی پارلمان بۆ کاروباری کوردستان لە پارلمان ڕێکخرا. |  |
| | | | |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٣ | ٢٤ی سێپتامبری ٢٠١٤ | کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کۆڕێکی بۆ دوکتور محەممەد راوەندی لە ژێر ناوی " عیرفان لە شێعری مەلای جزیری دا" بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگە ئەدەب دۆستەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوەچوو، |  |
| ٢٤ | ٢٤ی سێپتامبری ٢٠١٤ | نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان سمینارێکی لەژێر ناوی "کوردستان و عێراق و داهاتوو"، لە پەراوێزی کۆنفرانسی ساڵانەی لیبەر پارتی دا بۆ ئامادە بووانی ئەو کۆنفرانسە کە بریتی بوون لە دەیان کەسایەتی سیاسی بریتانی و کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی وڵاتانی جیهان و نوێنەر و حیزب و ڕێکخراوەکان یەک لەوان نوێنەرایەتی حدک میوانەکان پێک هێنا. |  |
| ٢٥ | ٢٤ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بەشداری وڤدێکی کۆمیتەی سوئیس حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمینارێکی سیاسی حیزبی سوسیالیستی سوئیس بۆ مەلا بەختیار ئەندامی سەرکردایەتی یەکیەتی نیشتیمانی بە مەبەستی هێنانە بەر باسی کێشە جهانیەکانی پەیوەندی دار بە دەوڵەتی ئیسلامی ( داعش ) بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی. لە شاری زووریخ ڕێک خست. |  |
| ٢٦ | ٢٥ی سێپتامبری ٢٠١٤ | یەکیەتی نەتەوەی خوێندکارانی کورد سمینارێکی زانستیی لە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری کوردیو تایبەتمەندییەکانی بەبەشداریی دەیان کەس لە ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیەو کۆمەڵێک لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ سامان فەقی نەبی و میدیا بایزید پوور، دوو ئەندامی ئەو ڕێکخراوەیە بەڕێوە برد.. |  |
| ٢٧ | ٢٦ی سێپتامبری ٢٠١٤ | ڕاگەیەندراوی کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەبارەی زنجیرەیەک تێکهەڵچوون لە ناوچەکانی پارێزگای ورمێ : سڵاو لە گیانی پاکی هەژار قاسمیی قارەمان، نوێترین سیماو سەمبولی خەبات و خۆراگریی حیزبی دیموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |  |
| ٢٨ | ٢٦ی سێپتامبری ٢٠١٤ | نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپا بەشداریی لە کۆنفرانسی "مافی بڕیاردان لە سەدەی ٢١، سێ ڕێکخراوو گرووپی ڕێکخراوی نەتەوە و گەلانی بێ دەوڵەت (UNPO)، ئێئتلافی ئازادی ئورووپا (EFA)لەگەڵ ناوەندی ماوریتس کۆپیتێرس (CMC) کۆنفرانسێکیان لە پارلمانی ئورووپا لە ژێر ناوی " مافی بڕیاردان لە سەدەی ٢١دا، سکاتلەند و کاتالۆنیا" بەڕێوە برد. |  |
| ٢٩ | ٢٦ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژ لە گەڵ کاناڵی ئاسمانی رووداو دەڵێ : ئەوەی سنوور دەبەزێنێ کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە هاتۆتە نێو خاکی باشووری کوردستان، نەک ئێمە کە دەمانهەوێ لە نێو باوەشی خەڵکی خۆماندا خەبات بۆ مافەکانی خۆمان بکەین. |  |
| ٣٠ | ٢٧ی سێپتامبری ٢٠١٤ | ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی کوردستان و ئەندامی ئەو یەکیەتییە : ئێمە دڵنیاین کە لاوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ئاوەدانتر کردنەوەی سەنگەری شەهید هەژار و شەهیدانی کوردستان، تا گەیشتن بە مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان کۆڵ نادەن و درێژە دەری ڕێگای شەهیدانی کوردستانن. |  |
| ٣١ | ٢٧ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بەڕێوەچوونی کۆڕی پرسەو ماتەمینیی شەهید هەژار قاسمی لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبەشداریی زیاتر لە ١٠٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، یادو بیروەریی شەهید هەژار قاسمی، تازەترین شەهیدی حیزبی دێموکڕات و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز ڕاگیرا., |  |
| ٣٢ | ٢٧ ی سێپتامبری ٢٠١٤ | دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی شەهیدبوونی هەژار قاسمی، پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کە لە ڕیزی دەستەیەک لە پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کەوتبوونە کەمینی هێزەکانی ڕێژیم، ئەندامانی ئەو حیزبە و دۆستان و خەڵکی کوردستان زۆربەیان بە گۆڕینی کاوێرو وێنەی پرۆفایلی فەیسبووکەکانیان بە وێنەی شەهید هەژار قاسمی و دانانی وێنەو شێعری حیماسی و سروود هاوپێوەندی و هەستی خەمباربوونی خۆیان بەو بۆنەیە دەربڕیوە. |  |
| ٣٣ | ٢٧ی سێپتامبری ٢٠١٤ | کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک هاوخەمیی خۆی لەگەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی شەهیدبوونی هەژار قاسمی، کادری بەووەجی ئەو حیزبە دەربڕیوە. دڵنیاین تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆڵەی مەرگی کاک هەژار دەکەنەوەو کۆماری ئیسلامی و هێزە سەرکوتگەرەکانی تەنها نەسیبیان شکست و ڕیسوایی دەبێ. |  |
| ٣٤ | ٢٧ی سێپتامبری ٢٠١٤ | کەماڵ کەریمی لە میانەی بەشداری کردنی لە بەرنامەی "ئەمرۆی ڕۆژهەڵات" لە تلوزیۆنی کورد کاناڵدا وێڕای باس لە چالاکی و جموجووڵەکانی هێزی پارێزەرانی ڕۆژهەڵات گوتی، ئەو هێزە بەشێکە لەو هێزەی کە لە نێو خەڵکن و تەنیا پێشمەرگە نییە، بەڵام ئەو چالاکییانە بە یارمەتیی پێشمەرگەوە دەکرێن. |  |
| ٣٥ | ٢٨ی سێپتامبری ٢٠١٤ | سەرەخۆشی کومیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کورستان بە بۆنەی شەهیدبونی هاوڕێمان هەژار قاسمی : بە بۆنەی شەهید بوونی هاوڕێمان هەژار قاسمی لە قوڵایی وڵاتە خۆشەویستەکەمان ڕۆژهەڵاتی کورستان دا، لە بنەماڵەی ئەو شەهیدە سەربەرزە، لە ڕێبەرایەتی حیزبە خۆشەویستەکەمان ، لە هەموو هاوڕێیانی شەهید لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دا و لە هەمو نەتەوەی کورد سەرەخۆشی دەکەین. |  |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٦ | ٢٨ی سێپتامبری ٢٠١٤ | بە بەشداری خەڵکێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتوانی وڵاتی فینلاند، سوید و دانمارک، کۆڕی پرسە و سەرەخۆشی شەهید هەژاری قاسمی نوێترین شەهیدی خەباتکارانی هێزی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری هێلسینکی پێتەختی وڵاتی فینلاند بەرز ڕاگیرا. |  |
| ٣٧ | ٢٨ی سێپتامبری ٢٠١٤ | کاک عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وتووێژ لە گەڵ باس نیوز دەڵێ : ئێمە نەخشە ڕێگا بەسەر کەسدا ناسەپێنین، دەرگامان کراوەتەوە بۆ هەموو هاوپەیمانییەک و، لەسەر ئەو باوەڕەشین کە کاری گەورە بە هەمووان دەکرێ. |  |
| ٣٨ | ٢٨ی سێپتامبری ٢٠١٤ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی کۆنگرەی نەتەوەی کوردستان، کۆنفرانسی ساڵانەی کۆنگرەی نەتەوەی کورد- ئەمریکا، Kurdish national congress، بۆ نۆژەنکردەوەی ئەو ڕێکخراوە، کە نوێنەرایەتی چین و توێژەکانی گەلی کورد لە ئەمریکا دەکات هەیئەتێک لەنوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، هاوڕێینی کەماڵ باڵنوور و خەبات ئیبراهیمپوور بەشدارییان کرد. |  |
| ٣٩ | ٢٩ی سێپتامبری ٢٠١٤ | لە وتووێژی ئاژانسی ئانادۆڵی ، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێزدار خالید عەزیزی دەڵێ : ئاسمانی عێراق بەدەستی ئەمریکاو خاکەکەشی بەدەستی ئێرانەوەیەو، ئێران هەوڵ دەدا بۆ بەرژەوەندیی خۆی قازانج لە ناکۆکییە نێوخۆییەکانی هەرێم وەربگرێ. |  |
| ٤٠ | ٢٩ی سێپتامبری ٢٠١٤ | لە وتووێژێک دا لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی ئێن ئار تی، بەڕێز کەمال کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تیشکی خستە سەر دوایین ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و تێکەڵچوونە چەکدارییەکانی نیوان پاریزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هیزەکانی ڕژیم. |  |
| ٤١ | ٢٩ی سێپتامبری ٢٠١٤ | گفتوگۆی تەلەفزیۆنی ڕێگا . لەگەڵ بەڕێز کاک قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسی،تەوری ئەم وتووێژێک پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات و ڕۆڵی ئێران لە شەڕی دژ بە داعش و بارودۆخی ناوچە. لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو دا زنجیرەی تێکهەڵچوونێکی چەکداری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. |  |
| | | سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا | |





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی ئۆکتۆبری : ٢٠١٤ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | لە لایەن فدراسیۆنی کۆمەڵە ی کوردانی دانمارک ئینسیاتیف و بە هاوکاری کۆمەڵەی کوردانی رۆژئاوای کوردستان خۆپێشاندانێک بە بەشداری کوردان و حیزب و لایەنە سیاسیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان ،یەک لەوان حیزبی دیموکراتی کوردستان، نێشتەجی لە وڵاتی دانمارک، بە مەبەستی مەحکوم کردنی هێرشی دڕندانەی چەکدارە خوێنخۆرەکانی دەوڵەتی ئیسلامی عیراق و شام (داعش)و پشتیوانی لە خەلکی کۆبانێ بەرێوە چوو. |  |
| ٢ | ٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی جێژنی قوربانەوە: بە بۆنەی هاتنی جێژنی پیرۆزی قوربان گەرمترین پیرۆزبایی پێشکەشی موسوڵمانانی کوردستان، ئێران و هەموو جیهان دەکەین. | |
| ٣ | ٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | کۆرێکی پرسە و سەرە خۆشی بۆ رێزگرتن لە نوێترین شەهیدی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لایەن کۆمیتە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دانمارک و خزم و کەسانی شە هیدی سوورخە ڵات هەژار قاسمی پێک هات. |  |
| ٤ | ٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | لەسەر بانگەوازی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوئیس، بە بەشداری دەیان کەس لە ئەندامان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەر و بەرپرسانی حیزب ولایەنە سیاسیەکانی کوردستان لەو وڵآتە، یادی دوایین شەهیدی ناو سەنگەری بەرەڤانی رۆژهەڵآتی کوردستان، شەهید هەژار قاسی کرایەوە. |  |
| ٥ | ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | وتوێژی تایبەتی کورد کاناڵ لەگەڵ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەبارەت بە دووایین پێشهاتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێران و کوردستان. |  |
| ٦ | ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٤١ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، مێژوویی، ئەدەبی، بەیاننامە و ڕاگەییەندراو و بەیاننامە ڕەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان و کومیتە و هێزەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، بڵاو کرایەوە. |  |
| ٧ | ٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | تەلەفزیۆنی بی . بی .سی بەشی فارسی، لە بەرنامەی شەست خولەک دا، وتووێژیکی لە گەڵ بەرێز خالید حەسەنپوور ڕاوێژکاری کومیتەی ناوەندی حدک لەسەر قسەکانی ئەم دواییانەی مەحموود عەلەوی وەزیری ئیتلاعاتی ئێران، سەبارەت بەوەی کە ناوبراو لە مەجلیسی ئێراندا باسی ئەوەی کردبوو کە لەگەڵ حیزبی دێموکرات کوردستان و کۆمەڵە وتوویژیان هەبوو، |  |
| ٨ | ٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بەیاننامەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بارەی شەپۆلی نەتەوەیی هاوپێوەندی لە گەڵ خەڵکی کۆبانێ : ئێمەهاودەردی و هاوپێوەندیی نەتەوەیی کە خەڵکی بەشەجۆراوجۆرەکانی کوردستان لە گەڵ خەڵکی خۆراوا بە تایبەتی کۆبانێ، نیشانی دەدەن، بەرز دەنرخێنین و رێزی لێ دەگرین. | |
| ٩ | ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە گوڵالە شەرەفکەندیو کاوە ئاهەنگەری ئەندامی رێبەری حیزب، لە کۆنفرانسێک کە لە سەر پرسە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە میوانداری فەرمانداری شاری فلۆرانسی ئیتالیاو سندیکای روژنامەنووسانی ئیتالیا لە کۆشکی مێدیچی فلۆرانسی ئیتالیا . |  |
| ١٠ | ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | لەدیمانەیەکدا لەگەڵ رادیۆ "رووداو" خاتوو ترووسکە سادقی وتەبێژی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان رایگەیاند کە یەکێتییەکەیان پشتیوانی هەموو هەنگاوێکی مەدەنی و سیاسیی ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکا، و پێشیوایە کە چالاکییە خۆڕسکەکانی رۆژهەڵات بۆ پشتیوانیکردن لە کۆبانی ئاستی بەرزی هەستی نەتەوەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەگەیەنێت. | |


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | ١٠ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای کردو لە لایان بەرپرسانی ئەو وەزارەتخانەوەیە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا. |  |
| ١٢ | ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕێزدار خالید عەزیزی لە بەرنامەی " لەگەڵ ڕووداوەکاندا" تیشکی خستە سەر خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان و کەمکردنەوەی مەترسییەکان لەسەر خۆی. |  |
| ١٣ | ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بەشداری بەرچاوی ئەندامانی حدک، و کوردستانیانی دانیشتووی شاری ترۆندهایمی وڵاتی نۆروێژ، بە یارمەتی چەند کەسایەتییەکی نۆروێژی دۆستی کورد، خۆپێشاندانێکی گەورەیان وەڕێخست و تێیدا جگە لە کوردانی هەرچوار پارچەی کوردستان، چەند حیزب و لایەنی نۆروێژی و خەڵکێکی زۆری غەیرە کوردی دیکە لە نەتەوە دیکەی جیهان بەشدار بوون. |  |
| ١٤ | ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆڕیادێکی بۆ ڕیزگرتن لەیادو بیرەوەریی شەهید هەژار قاسمی، نوێترین شەهیدی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئەندامی ئەو یەکیەتییە بەبەشداریی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بنەماڵەو ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوەچوو، یادو بیرەوەریی شەهید هەژار قاسمی بەرز ڕاگیراو لاوان بەڵێنیان دا سەنگەری شەهید هەژار ئاوەدان بێڵنەوە. |  |
| ١٥ | ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | ڕاگەیەندراوی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە خرۆشانی نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ پشتیوانی لە کۆبانی : ئێوە داینەمۆی دوارۆژی ڕۆژهەڵات و هەڵگری داهێنانی گەورەن بۆ قۆناغی داهاتووی خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و زۆر بەئاشکراش پەیامی "کۆبانێ ڕۆژهەڵاتە" | |
| ١٦ | ١١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | ڕاگەیاندنی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات یەک لەوان یەکیەتی ژنانی دیموکراتی کوردستان دەربارەی بارودۆخی کۆبانی : ئێمە وەکو ڕێکخراوەکانی ژنانی کوردستانی ڕۆژهەڵات وێرای مەحکوم کردنی دەستدرێژی و هێرشەکانی داعش بۆ سەر خەڵکی کۆبانی ، پشتیوانی و هاوپێوەندی خەباتی خۆمان لە خەڵکی ئەو شارەو ژنانی تێکۆشەری بەرەکانی خۆراگری دەردەبڕین. | |
| ١٧ | ١٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بە ئامادە بوونی بەڕێز سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، لەلایەن نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێوارە خوانێک بۆ حیزب و لایەنە کوردستانیەکان بەبۆنەی هاتنی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی لە واشنگتۆن ڕێکخرا. |  |
| ١٨ | ١٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بە دەسپێشخەری کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری سوانزی (وێلس) و بە پشتگیری و بەشداری چەندین حیزب و لایەنی سیاسی و ڕەوەندی کورد لەو شارە، خۆپیشاندانێک بۆ پشتگیری لە خۆرئاوای کوردستان و شاری کۆبانێ بەڕێوە چوو. |  |
| ١٩ | ١٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان، و هەروەها لیگی هەرێمەکانی کوردستان بەمەبەستی پشتیوانی لە کوردانی ڕۆژئاوا و بەتایبەت شاری کۆبانی، خۆپیشاندانێکی بەرین بە بەشداری کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانییانی نیشتەجێی بریتانیا ڕێکخست. |  |
| ٢٠ | ١٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئاوێنە لە وەڵامی ئەوە پرسیارەی کە هۆکاری تۆخبوونەوەی چالاکییە نیزامییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ماوەیەدا دەڵێ : ناکرێ خەبات و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەر پەیوەندیی ئێران و حکومەتی هەرێم پەک بخرێ |  |
| ٢١ | ١٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەی " افق"ی دەنگی ئەمریکادا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە ناکۆکییەکانی ئێرانی شیعەو تورکیەی سوونی و ململانێی هێزو دەسەڵاتی ناوچەیی ئەو دوو وڵاتە وایکردوە سووریە ببێتە گۆڕەپانی شەڕی ئەو دوو وڵاتە. بۆیەش کوبانی خاڵی تێکگیرانی بەرژەوەندییەکانی ئێران و تورکیەیە کە بەهۆی ئەو ناتەباییە کەوتۆتە ژێر هەڕەشەی داعشەوە. |  |
| ٢٢ | ١٤ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، سەردانی ئەو نوێنەرایەتییەی کرد و لە لایەن بەڕیزان نجات عەبدوولا و کاروان زێباری،یەوە بە گەرمی پێشوازی لێکرا. |  |
| ٢٣ | ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | لە وتووێژێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کاناڵ تەلەفزیۆنی ڕووداو، بەڕیز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کە ئیستا بە سەردانێکی فەرمی لە وڵاتەیەکگرتووکانی ئەمریکایە، باسێکی تێروتەسەلی سەبارەت بە ئامانج و ئەنجامی سەردانەکەی بۆ ئەمریکا کرد. |  |
| ٢٤ | ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بەبەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرنامەی خەڵاتی سەید برایم بۆ ئەدەب، هونەرو کەسایەتیی کۆیە بۆ ساڵی ٢٠١٤، بە بەشداریی سەدان کەس لە شاعیران، ئەدیبان، هونەرمەندان و کەسایەتییە ئاکادیمی و ڕووناکبیرو سیاسییەکان و میوانە بانگهێشتکراوەکان، لە ساڵۆنی سەنتەری گەنجانی بەڕێوەچوو |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٥ | ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ئۆستترالیا پێکهاتوو لە سەلاح پوورئەسەدو کامران سۆهرابی لە کۆمیتەی "بریزبێن"،ی حیزب سەردانی سیناتۆر کلێەر مۆر لە حیزبی کرێکاری ئوسترالیای کرد و مەبەست لەم سەردانە باس لە سەر ئالۆگۆڕەکانی کوردستان و ئێران بوو. |  |
| ٢٦ | ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | کومیتەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی ئۆستفۆلد کۆبوونەوەیەکی ئامووزشی و سیاسی بۆ بەڕێزان هاشم ڕۆستەمی و سۆران شێرزاد پێکهێنا. |  |
| ٢٧ | ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | خۆپێشاندانێکی بەرین لە شاری لینشۆپینگ بە بەشداری ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و یەکێەتی کوردان و کوردانی دانیشتووی شاری لینشۆپینگ و دەوروبەری بەڕێوە چوو. |  |
| ٢٨ | ١٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک لە هەڵمەتی کۆ کردنەوە ی یارمەتی جل و بەرگ و پێڵاو و پارە بۆ ئاوارەکانی شەری داسەپاو ونامرۆڤانەی چەکدارە خۆێنمژ وجینایەتکارەکانی داعش بۆ سەر خەڵکی بێ تاوان و بێ دیفاعی شاری کۆبانێ لە ڕۆژئاوای کوردستان کە لە لایەن فیدراسیۆنی کۆمەلە کوردییەکان لە وڵاتی دانمارک ڕێکخرابوو، |  |
| ٢٩ | ١٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | ١٨ ساڵ بە سەر تاوانەکەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە دژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تێپەڕی و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دەڵێ: هەتا ئەوکاتەی حوکمی عەداڵەت لە بارەی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە بەڕێوە نەچووە، لەسەر دادخوازی و پێویستیی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە تاوانی بە دیلگرتن و تەحویلدانەوەی ئەو ٧ تێکۆشەرەی دێموکرات، بەردەوام دەبێ. |  |
| ٣٠ | ١٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بەشداریی بەڕێز ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەولێر لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستاندا بەشداری کرد کە بۆ پشتیوانی لە ڕۆژاوای کوردستان پێک هاتبوو. |  |
| ٣١ | ١٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | شاندێکی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر بە سەرپەرستیی ئیبراهیم زێوەیی سەردانی مەڵبەندی ٣ی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستانیان لە هەولێر کرد و لە لایەن رزگار علی، بەرپرسی مەڵبەندو ئەندامانی دیکەی شاندی خانەخوێوە پێشوازییان لێ کرا . |  |
| ٣٢ | ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | ئەم ڕێورەسمە کە بە بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و پتر لە هەزار کەس لە هونەرمەندان، شاعیران، نووسەران، مامۆستایانی زانکۆو خوێندکاران و خەڵکی هونەرپەروەری شاری کۆیە"، فستیڤاڵێکی دوو ڕۆژەی لە هۆڵی زانکۆی کۆیەدا لە ژێر درووشمی "نەغمەی تایەر و سۆزی شاعیران بۆ یاد و بیرەوەری ئەو هونەرمەندە نەمرە بەڕێوە برد. |  |
| ٣٣ | ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٤٢ ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، مێژوویی، ئەدەبی، بەیاننامە و ڕاگەییەندراو و بەیاننامە ڕەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی ئۆرگان و کومیتە و هێزەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات، بڵاو کرایەوە. |  |
| ٣٤ | ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بەشداریی کۆمیتەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نۆرویژ لە ڕێپێوانێکی جەماوەریی دژ بە داعش کە لە لایەن کوردانی ئەم ناوچەیە لە ژێر ناوی کومیتەی پشتیوانی لە کوبانی ڕێکخرابوو، خۆپێشاندەران بە گوتنەوەی دروشم بە کوردی و نۆروێژی توانیان سەرنجی هاوڵاتیانی نۆروێژی بۆ لای خۆیان رابکێشن و دوا بە دوای ڕێپێوانەکە، کوردان لە بەر دەرکی شارەوانی فرێدریکستاد کۆبوونەوە. |  |
| ٣٥ | ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | دنیای منداڵان ژمارە ١٤٨ ،گۆڤاری مانگانەی منداڵانە کە ناوەندی منداڵپارێزانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوی دەکاتەوە. |  |
| ٣٦ | ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | ماڵئاوایی تاهیر نەقشین ئەندام و کادری لە مێژینەی حیزب بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی پاریس پێتەختی فەرانسە. ناوەندی ڕاگەیاندی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری، بە تایبەت هێلێن خانم و هەموو دۆستان و هاوسەنگەرانی و خەلکی سەلماس و گوندی پیرانجوق دەکا. |  |
| ٣٧ | ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا کە نوسخەیەکی دەست "کوردستان و کورد" گەیشتووە، پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەناوی ئیسحاق ئیسماعیلی نەبی کەند، ناسراو بە کاروان، کوڕی عەلی خەڵکی "ئەمیراباد"ی شاری شنۆ لە ڕووداوێکی نەخوازراو دڵتەزێن دا گیانی لە دەست دا. |  |
| ٣٨ | ٢٣ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | کۆمیسیۆنی لێکۆڵینەوەو فێرکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی هاتنی دەورەیەکی سیاسیی کادر کۆبوونەوەیەکی بۆ بەڕێز کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی کومیسیونی ئاموزش چەند سەرنجێکی خۆی لەسەر ئەو دەورە ئاموزشییەی کادر خستە بەرباس‌و بە ئاماژە بە بەتاڵبوونی کورسیی شەهید هەژار قاسمی کە یەکێک لە بەشدارانی ئەو دەورەیە بوو، یادو بیرەوەریی ئەو شەهیدە سەربەرزەی بەرز ڕاگرت. پێک هێنا. |  |
| ٣٩ | ٢٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | دوکتور ئاسۆ حەسەن‌زادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وتووێژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "وشە"دا دەڵێ. بەرجەستەکردنی چەمکی ڕۆژهەڵات مێحوەری لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو مانایە نییە تا ئێستە خەباتمان بۆ ڕۆژهەڵات نەکردووەو هاوکات بەو واتایەش نایەت کە لەمەودوا پارچەکانی دیکەی کوردستانمان بۆ گرنگ نەبێ. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠ | ٢٥ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | لەسەر بانگهێشتنی ئەنجوومەنی بزتووتنەوەی گۆڕان لە شاری بازڵ،ی وڵاتی سویس هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە زاهید شاعیری، ڕەحیم ڕحمانزادە و ڕەشید ئیسماعیلی، لەگەڵ وڤدێکی چەند کەسی بزووتنەوەی گۆڕان، بە سەرپەرشتی بەڕێز ئومێد مەکتەب عەسکەری، سکرتێری ئەنجوومەنی گۆڕان لە سوئیس کۆبوونەوە. |  |
| ٤١ | ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | دوو شاندی "ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد لە سوریە"و "تەڤ دەم" کە لە ١٦ حیزبو ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژاوای کوردستان پێکهاتوون، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کردو لە لایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی حیزبەوە بە سەرپەرەستیی کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ٤٢ | ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر بەڕێز ئیبراهیم زێوەیی دەگەڵ نوێنەری پارچەکانی دیکەی کوردستان لە بارەگای لقی ٢ی پارتی دێمۆکراتی کوردستان پێشوازییان لە " کۆمەلەیا شێخ سەعێد "سەر بە بنەماڵەی شێخ سەعیدی پێران بە سەرۆکایەتی قاسم فرات کردلە کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزب و لایەنەکانی کوردستان لەگەڵ " کۆمەڵەیا شیخ سەعید" بەشداری کرد. |   |
| ٤٣ | ٢٦ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | کۆنفرانسی ساڵانەی حیزبە کوردستانییەکانی بریتانیا ، یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان بە ئامادە بوونی نوێنەری زۆربەی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بەڕێوە چوو. |  |
| ٤٤ | ٢٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | نوێنەری حیزبە کوردستانیەکانی یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان جێگیر لە شاری ئۆرێبروو،ی وڵاتی سوید، کۆبوونەوەیەکیان لە بارەگای کۆمەڵەی کوردی ئەو شارە پێک هێنا. | |
| ٤٥ | ٢٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە هاوکاریی سەنتەری "پەنا" سیمینارێکی لە ژێر ناوی پێویستیی وریابوون لە شێرپەنجەی مەمک بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوەیە بۆ خاتوو گوڵاڵە پشدەری پێک هێنا. |  |
| ٤٦ | ٢٧ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بەشداریی ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نەتەوەیی دێمۆکراتی کوردستان دەگەڵ نوێنەرانی حیزبەکانی کوردستانی بۆ پشتیوانی لە ڕۆژاوای کوردستان، پێشوازییان لە شاندێکی باڵای ڕۆژاوای کوردستان کرد. |  |
| ٤٧ | ٢٨ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | بەڕێز مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژدا دەڵێ: بە بڕوای من بزووتنەوەی ڕێفۆرمخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێگای دیارو شیاوی لە نێو تێکۆشان بۆ ئازادیی خەڵکی کوردستاندا نییە. |  |
| ٤٨ | ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠١٤ | شاندێکی نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەولێر بۆ پشتیوانی لە ڕۆژاوای کوردستان سەردانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کرد و پێکەوە سەبارەت بە بارودۆخی ڕۆژاوای کوردستان و چەند پرسێکی نەتەوەیی و نیشتمانی ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد . |  |

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com




ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی

| لاپەڕەی : ١ | مانگی نوامبری : ٢٠١٤ | | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی نوامبری ٢٠١۴ | ڕاگەیەنداوی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان : دەوڵەتانی جیهان پێویستە پەیامی پشتیوانیی جیهانی بۆ کۆبانی ببیسن. ئەمڕۆای ئڤامبری ٢٠١٤،لە چەندین وڵاتانی جیهان کۆڕو کۆبوونەوەو ڕێپێوازو چالاکیی جۆراوجۆری دیکە بە پشتیوانی لە خۆراگریی کۆبانی بەرامبەر بە پەلاماری لەشکری داعش، بەڕێوە دەچێ. | |
| ٢ | ١ی نوامبری ٢٠١۴ | هاوکات لەگەڵ کوردستانیان و ئازادیخوازانی هەموو جیهان، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١ی نۆڤامبری ٢٠١٤ ڕێپێوانێکی بەرفراوان بە بەشداری هەزاران کەس لە کورد و ئازادیخوازانی یەک لەوان ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە باشووری سوید بە بۆنەی ڕۆژی کۆبانێ،ەوە لە شاری مالمۆ بەڕێوەچوو. |  |
| ٣ | ١ی نوامبری ٢٠١۴ | لە شاری لیللەسترۆم، ئوستانی ئاکەشهوس بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە نەتەوە جۆراوجۆرەکانی نیشتەجێ لەم پارێزگایە فێستیواڵی کولتووری بەڕێوە چوو. ئەم ساڵیش وەک ساڵانی پێشوو یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ بەشداریی ئەم ڤێستیواڵەی کرد. |  |
| ۴ | ١ی نوامبری ٢٠١۴ | بە هەزاران کەس لە کوردستانیانی دانیشتووی نۆروێژ، هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە هێزو ڕێکخراوی مەدەنی و سیاسی یەک لەوان ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە مەیدانی کرێکاری ئۆسلۆ، پێتەختی وڵاتی نۆروێژ بۆ پشتیوانی ڕۆژی کۆبانێ کۆبونوە. |  |
| ۵ | ١ی نوامبری ٢٠١۴ | بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری ئوپسالا لە خۆپیشاندانێکی گەورە کە بەشداریی هەزاران کوردی هەر چوارپارچەی کوردستان و سویدی دۆستی گەلەکەمان بۆ پشتیوانی لە ڕۆژی جیهانی کۆبانێ بەڕێوە چوو. |  |
| ۶ | ١ی نوامبری ٢٠١۴ | بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دانمارک، یەکی نوامبرکە لە لایەن سەدان کەس لە کەسایەتی و ناودارنی بواری زانست وداکۆکیکارانی ئاشتی و ئازادی و مافی مرۆڤ بە ڕۆژی پشتیوانی لە خۆراگری کۆبانی ناودێرکرابوو، هاوکات لەگەل ولاتانی جیهان، لە لایەن ڕەوەندی کورد لە دانمارکیش خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو. |  |
| ٧ | ١ی نوامبری ٢٠١۴ | ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ترۆندهایمی نۆروێژ، بەشداری خۆپێشاندانی ڕۆژی جیهانیی کوبانیان کرد و جارێکی دیکە پشتیوانی حیزبەکەیان بۆ شاری کوبانی و ڕۆژئاوای کوردستان دووپات کردەوە. |  |
| ٨ | ٢ی نوامبری ٢٠١۴ | کۆنفرانسی بە جیهانی کردن لە نۆروێژ بە بەشداری شاندی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ٧٠ ریکخراو لە بواری جوراجوردا لە ماوەی ٤ ڕۆژ دا لە ڕۆژەکانی پێنجشەمە ٣٠ ئووکتوبر هەتا یەکشەممە ٢ی نووامبر ٢٠١٤ بەڕێوە چوو. ئەم کونفرانسە پر نێوەڕۆکە لە ژێر ناوی ئازادی لە هۆلی کونگرەکان واتە ماڵی خەڵک لە ئوسلوو بەڕێوەچوو. |  |
| ٩ | ٢ی نوامبری ٢٠١۴ | لە پاریس،ی پایتەختی وڵاتی فەڕانسە و بە ئامادە بوونی کۆمەڵێکی بەرچاو لە هاوڕێیان، کەسایەتییە سیاسییەکانی نیشتەجێی فەڕانسە و دۆستان و بنەماڵەکەی، ڕێوڕەسمێکی تایبەت، بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک تاهیر نەقشین، تێکۆشەری دێرین و ئەندامی حیزب دیموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو. |  |
| ١٠ | ٢ی نوامبری ٢٠١۴ | هەیئەتێکی کۆمیتە ناوچەی ئۆستفۆڵدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی حەسەن خەمبار لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردی ڕۆژئاوا . کۆمیتەی نۆروێژ بە سەرپەرستیی مەحموود برۆ، بەرپرسی ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد کۆبوونەوە. |  |
| ١١ | ۵ی نوامبری ٢٠١۴ | شاندێکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە هەولێر بە سەرپرستیی ئیبراهیم زێوەیی سەردانی ژووری پەیوەندییە سیاسییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر کردو لە لایەن شاندێکی گۆڕان بە سەرپەرستیی "محەممەد حاجی" یەوە پێشوازییان لێ کرا . |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٢ | ٦ی نوامبری ٢٠١٤ | کۆمیسیۆنی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەڵێ شەوی چوارشەممە لە سەر پێنجشەممە، ١٥ ی خەزەڵوەر پێشمەرگەیەکی حیزب بە ناوی سەید ساڵح سەیدی، کوڕی قادر خەڵکی ڕەبەت بە ڕووداوێکی نەخوازراوو دڵتەزێن گیانی لە دەست دا. |  |
| ١٣ | ٦ی نوامبری ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٤٣ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، بەیاننامە و هەڵوێستە ڕەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کارو چالاکی کومیتە و ئۆرگانەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و چەندین بابەتی ئەدەبی، هونەر و مێژوویەوە کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانەی. |  |
| ١٤ | ٨ی نوامبری ٢٠١٤ | ڕاگەیەنداوی کۆمیسیۆنی سیاسی – نیزامی بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێموکرات، هاوڕێ ڕەسووڵ لیلانەیی : بەداخەوە ڕادەگەیەنین کە هاوڕێی تێکۆشەرو ماندوونەناس ڕەسوول عەبدووڵا پوور ناسراو بە (ڕەسوول لیلانەیی) خەڵکی ئاوایی "لیلانێ"ی ناوچەی ڕەبەت بە هۆی نەخۆشییەکی کوت وپڕ کۆچی دوای کرد. |  |
| ١٥ | ٨ی نوامبری ٢٠١٤ | بە بەشداری نوێنەرانی هەڵبژێردراوی کومیتەی شار و ناوچەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، کۆنفرانسی ساڵانەی کومیتەی گشتی حیزب لەژێرناوی کۆنفرانسی نەمر ڕەسووڵ لیلانەیی، شەهید هەژار قاسمی و تێکۆشەر تۆفیق عەبدووڵاهی لەو وڵاتە بەڕیوەچوو. |  |
| ١٦ | ٨ی نوامبری ٢٠١٤ | تەرمی پێشمەرگەی ئازاو بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک ڕەسووڵ لیلانەیی کە بە مەرگێکی کتوپڕ کۆچی دوایی کردبوو، گەیشتەوە کۆڕی یاران و هاوسەنگەرانی و، لە باوەشی گەرم و ڕێزی نیزامی و بەشداریی بەرینی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە خاک سپێردرا. |  |
| ١٧ | ٨ی نوامبری ٢٠١٤ | بە دەست پێشخەری و بانگهێشتی " کانون ڕەآورد" سمینارێکی یەک ڕۆژە لە ژێر ناوی " فیربوونی زمانی دایکی و مافی شارۆوەندی" بەبەشداریی دەیان کەس لە چالاکانی سیاسی ئێرانی و خاتوو گوڵالە شەرەفکەندی ئەندامی ڕێبەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری ئاخن،ی ئاڵمان بەڕیوە چوو. |  |
| ١٨ | ٨ی نوامبری ٢٠١٤ | لە بنکەی کۆمکار ڕێورەسمێک بەبۆنەی سەفەری بەرێز مەسعوود تەک، سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی ترکیە بۆ بریتانیا ڕێکخرابوو، بەرپرسی حیزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان بانگێشتی ئەم ئێوارە خوانە کران، ئەم کۆبوونەوەیە بەبۆنەی دامەزرانی چل ساڵەی ئەم حیزبەو هەروەها هاتنی سکرتێری ئەم حیزبە بوو. |  |
| ١٩ | ٩ی نوامبری ٢٠١٤ | بەشداریی بەرێز مەولوود سوارە ئەندامی رێبەری و نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبریتانیا یانەی خێزانی کوردستان سەر بە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە لەندەن سمینارێکی بۆ دوکتور محەمەد جەلال مەجید لەژێر ناوی سەرهەڵدانی داعش و ئایندەی کوردستان ڕێکخست. |  |
| ٢٠ | ٩ی نوامبری ٢٠١٤ | بەشداریی بەرێز فەرزاد حیکمەت، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا سمینارێک لە ژێر ناوی ئاوڕدانەوەیەک لە ٤٠ساڵ خەبات و تێکۆشانی ئەو حیزب کە سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی باکووری کوردستان، بەرێز مەسعود تەک،، لە بنکەی سەرەکی کۆمکار لە شاری لەندەن پێک هات. |  |
| ٢١ | ٩ی نوامبری ٢٠١٤ | بەرێز ئیبراهیم زێوەیی، نوێنەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نەتەویی دێمۆکراتی کوردستان دەگەڵ نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکانی چوارپارچەی کوردستان پێشوازییان لە ئەنوەر موسلیم، سەرۆکی حکومەتی کانتۆنی کۆبانێ کرد. |  |
| ٢٢ | ١١ی نوامبری ٢٠١٤ | بەرێز مەولوود سوارە ئەندامی رێبەری حیزبی دێموکراتی کورستان و نوێنەری حیزب لە ئەنترناسیونالی سۆسیالیست و هەروەها بەرێز مەسعود تەک سکرتێری حیزبی سۆسیالیستی باکووری کوردستان، چاویان بە بەڕێز لویس ئەیالا سکرتێری ئەنترناسیونالی سۆسیالیست کەوت. |  |
| ٢٣ | ١٢ی نوامبری ٢٠١٤ | وتووێژی بەڕیز مستەفا شەڵماشی ئەندامی دەفتەری سیاسی ح د ک، لەگەڵ بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا : ئێران سەرچاوەی تێرۆریزمی نێونەتەوەییە و دەشیەوێت ببێتە بەشێک لە هاوپەیمانێتی دژی داعش. |  |
| ٢٤ | ١٢ی نوامبری ٢٠١٤ | وتووێژی رادیۆ نێونەتەوەی فەردا، لەگەڵ بەڕیز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان : ئێمە لە بنەڕەت دا لە سەر ئەو بڕوایەن کە دەبێ لە ناوچەکە دا دژ ی داعش هەڵوێستێکی جیددیمان هەبێ. داعش بزووتنەوەیەکە کە هیچ سنوورێک لە نێوان شیعە و سوننی و کورد و غەیرە کورد، یان حیزبێکی سیاسی چۆن بیر دەکاتەوە ناناسێ. |  |
| ٢٥ | ١٣ ی نوامبری ٢٠١٤ | وتووێژی کوردستانی نوێ لەگەڵ د. ئاسۆ حەسەن زادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان : بەهێزبوونی کورد لە خانەی سەربازیدا دەتوانێ هەیمەنەیەکی کوردی لە ناوچەکەدا دروست بکا. |  |
| ٢٦ | ١٥ی نوامبری ٢٠١٤ | بە هەوڵی ئا بێ ئێفی یۆتێبۆری سوئید، میزگردێک لە ژێر ناوی " ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گۆڕانکارییەکانی داهاتوو" بۆ پێنج حیزبی بەڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری یۆتێبۆری سوئێد ڕێکخرا. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com


| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢٧ | ١٦ی نوامبری ٢٠١٤ | لەسەر بانگهێشتی بنەماڵەی مامۆستا شێرکۆبێکەس وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان- کۆمیتەی سوئێد کە لە کەماڵ گرویسی و ئەسعەد یۆسفی پێکهاتبوو بەشداریان لە کۆڕێکی یادکردنەوە بۆ ناوبراو لە یەکێک لە سالۆنەکانی " ئا بێ ئێف"ی شاری ستۆکهۆڵم،ی پایتەختی وڵاتی سوید پێکهات. |  |
| ٢٩ | ١٦ی نوامبری ٢٠١٤ | کۆمیتەی ناوەندیی هەڵبژێردراوی کۆنگرەی پازدەهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان یازدەهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداریی زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەندامانی ئەسڵی و جێگران و ڕاوێژکارانی کۆمیتەی ناوەندی و ڕاوێژکارانی دەفتەری سیاسی و بەرپرسانی بەشێک لە ئۆرگانەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بەڕێوە برد. |  |
| ٢٩ | ١٨ی نوامبری ٢٠١٤ | هەیئەتێکی کۆمیتەی هاوکاری حیزبە کوردستانیەکان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی پارلمانی بریتانیایان کرد و لەگەڵ بەڕێز تۆم براک لە حیزبی لیبەراڵ دیموکراتی دەسەڵاتدار و وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری پارلمان و هەروەها جێگری سەرۆکی پارلمان کۆبوونەوە. |  |
| ٣٠ | ١٨ی نوامبری ٢٠١٤ | پەیامی هاوخەمی بە بۆنەی کۆچی دوایی د. کەماڵ فوئادەو : ئێمە بۆ مەرگی ئەو کەسایەتییە تیکۆشەرە بە داخینو بەم بۆنەیەوە گەرمترین سەرەخۆشیو هاودەردیمان پێشکەشی بنەماڵە بەڕێزەکەیو یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەکەین. |  |
| ٣٢ | ١٩ی نوامبری ٢٠١٤ | بەشداریی هاوڕێ کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆکاروباری یەکێتی ئورووپا کۆنفرانسێک لەسەر ڕەوشی کوردانی ئیزەدی کە لە یەکێک لە سالۆنەکانی پارڵمانی ئوروپا بەڕێوەچوو. |  |
| ٣٣ | ٢٠ی نوامبری ٢٠١٤ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە: ٦۴۴، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەت و وتاری سیاسی، بەیاننامە و ئاگادارییە ڕەسمەکان، هەواڵی کاروچالاکی کومیتە و ئۆرگانەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵات و چەندین برگە و بابەتی ئەدەبی، مێژوویی و ڕۆشنبیری، کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٣۴ | ٢٠ ی نوامبری ٢٠١٤ | بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی کادرو پێشمەرگەکانردا تیشکی خستەسەر باسەکانی نوێترین پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لێکدانەوە و سیاسەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی لە هەمبەر پرسە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران، کوردستان و ناوچەی خستە بەرباس. |  |
| ٣٥ | ٢٠ی نوامبری ٢٠١٤ | بەشداری هەیئەتێکی حیزب دێموکڕاتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە بەریزان حەسەن قادرزادە، ئەندامی دەفتەری سیاسی و برایم چووکەڵی، ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و هەروەها نوێنەرایەتیی زیاتر لە ٥٠ حیزب و لایەن لە سەرانسەری جیهان کە نوێنەرایەتیی نەتەوە بێ دەوڵەتەکان دەکەن لە سێهەمین کۆبوونەوەی گشتی ڕێکخراوی ژنێڤاکاڵ(بانگەوازی ژنێڤ). |  |
| ٣٦ | ٢١ی نوامبری ٢٠١٤ | شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی کاک کەریم مەهدەوی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری سلێمانی بەشداری لە هەژدەهەمین فێستیڤاڵی گەلاوێژدا کرد کە لەژێر دروشمی "شەنگال و کۆبانێ، سەنگەری بەرەنگاری و ئاسۆی ئازادی" لە هۆڵی تەوار بەڕێوە دەچێ. |  |
| ٣٧ | ٢١ی نوامبری ٢٠١٤ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا، هاوڕێ مەولوود سوارە، ئەندامی ڕێبەری و نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو وڵاتە، لە ڕێوڕەسمی ٣٨ ساڵەی ڕۆژی شەهیدان یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا کە لە هۆڵی کوردستان لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد لە شاری لەندەن ڕێکخرابوو بەشداری کرد. |  |
| ٣٨ | ٢١ی نوامبری ٢٠١٤ | بە پێی ڕاپۆرتی بەشی پێوەندییەکانی سکرتاریان حیزبی دێموکڕاتی کوردستان شاندێکی حیزب بە سەرپەرستیی عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب و هاوڕێیەتی کەریم مەهدەوی، نوێنەری حیزب لە سلێمانی و سیامەک وەکیلی، کادری بەوەجی حیزب لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانی دا بەشدار بوون کە لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو. |  |
| ٣٩ | ٢١ی نوامبری ٢٠١٤ | هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی خالید وەنەوشە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب و هاوڕێیەتی فەتاح ئیلخانیزادە، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە کۆیەو محەممەد شەهرەوان کادری بەوەجی حیزب لە ڕێوەرەسمێکی شەهیدانی یەکیەتیی نیشتمانی کە لەلایەن مەڵبەندی ٤ای یەکیەتیی نیشتمانی کە لە شاری کۆیەش بەڕێوەچوو. | |
| ۴٠ | ٢٢ی نوامبری ٢٠١٤ | لە دیمانە تایبەتەی (باس)دا، مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حزبی دیموکراتی کوردستان و نوێنەری ئەو حزبە لە بەریتانیا، رای دەگەیەنێ، پەیوەندییەکانیان لەگەڵ باڵەکەی دیکەی دیموکرات، بەرەو باشی ڕۆیشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا دوایین دانیشتنیان دەرئەنجامەکەی لە ئاستی چاوەڕوانیی خەڵک و ئەواندا نەبووە. |  |
| ۴١ | ٢٢ی نوامبری ٢٠١٤ | ئەندامانی چالاک و هەڵسووڕی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری ڕەبەت و گوندەکانی دەوروبەری بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و هەروەها بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی نەمر ڕەسوول لیلانەیی پێشمەرگەی ئازاو بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ڕۆژی ١٧ای خەزەڵوەری ئەمساڵ کۆچی دوایی کرد، چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە. |  |
| | | | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۴۲ | ۲۲ی نوامبری ۲۰۱۴ | ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان بەو بۆنەی کۆچی مستەفا خورشیدی پرسەو سەرەخۆشی گەرمیی خۆی ئاڕاستەی بنەماڵەو کەسو کاری کاک مستەفا خورشیدی دەکاو خۆی بە شەریکە خەمی ئەو بنەماڵە تێکۆشەرە دەزانێ. |  |
| ۴۳ | ۲۳ی نوامبری ۲۰۱۴ | لە پارێزگای ئۆستفۆڵدی نۆروێژ سمینارێکی هاوبەشی هەر دوو کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردی سوریە لەو ناوچەیە، سەبارەت پرسەکانی ڕۆژئاوای کوردستان و ڕۆژهەڵات مێحوەری بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە نوێنەری حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان و ئەندامانی حیزب و کوردانی دانیشتوویی نۆروێژ بەڕێوەچوو. |  |
| ۴۴ | ۲۴ی نوامبری ۲۰۱۴ | بە تەواوبوونی دەورەی ۲۰۹ ی سەرەتایی پێسمەرگە کە بە دەورەی شەهید هەژار قاسمی، تازەترین شەهیدی سەنگەری حیزبی دێموکراتی کوردستان ناودێر کرابوو، پۆلێکی دیکە لەلاوانی بەهەستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرگی پێشمەرگایەتییان پۆشی. |  |
| ۴۵ | ۲۴ی نوامبری ۲۰۱۴ | بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بۆ بەرنامەی " ڕووداوی ئەمڕۆ" لە تۆڕی میدیایی ڕووداو بانگهێشت کرابوو دەڵێ : دەرکی وتووێژ لەگەڵ ئێران داناخەین و دەمانەوێ بیرکردنەوی ئێرانییەکان بە نسیبەت پرسی کورد بگۆڕین. |  |
| ۴۶ | ۲۴ی نوامبری ۲۰۱۴ | هەیئەتێکی ڕێبەریی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی کاک عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵە سەردانی حیزبی دێموکراتی کردو لە لایەن هەیئەتێکی ڕێبەریی ئەم حیزبەوە بە سەرۆکایەتیی کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازیی لێ کرا. |  |
| ۴۷ | ۲۵ی نوامبری ۲۰۱۴ | یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی هاتنەوەی ۲۵ ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندو تیژیی دژی ژنان سمینارێکی بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ئەندامانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵێک مێوان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی شاری کۆیە بەڕێوەچوو، پێکهێنا. |  |
| ۴۸ | ۲۵ی نوامبری ۲۰۱۴ | پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ۲۵ی نۆڤامبر، ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەدژی ژنان : ئێمە هەرچەشنە توندوتیژییەک بەدژی ژنان لەنێو خێزان و لە کۆمەڵگادا مەحکوم دەکەین و پەیامی پشتیوانی و هاوپێوەندیی خۆمان بە هەموو ئەو ڕێکخراو و پێکهاتانە ڕادەگەیێنین کە بواری کار و تێکۆشانی خۆیان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی ژنان و خەبات بەدژی توندوتیژی لەگەڵ ژنان تەرخان کردووە. | |
| ۴۹ | ۲۵ی نوامبری ۲۰۱۴ | پەیامی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ۲۵ی نۆامبەر ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی تووندوتیژی دژی ژنان : ئێمە خوازیاری هەوڵ و تێکۆشانی شێلگیرانەتر و لێبراوانەترە بە مەبەستی بنبڕ کردنی جۆرەکانی توند و تیژی و سڕینەوەی ئاکامە نەخوازراوەکانی، بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی بەختیارتر و ئاسودەتر، | |
| ۵۰ | ۲۵ی نوامبری ۲۰۱۴ | پەیامی یەکیەتیی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد بۆ سمیناری ڕۆژهەڵات تەوەری : ئێمە وەک یەکێتی نەتەوەیی خوێندکاران هیواداریـن کە ئەم سمینارە هۆکارێک بێ بۆ زیاتر تیۆریزە کردنی ئەم چەمکە و ڕۆشنایی خستنە سەر بوارەکانی چەمکی ناوبراو. |  |
| ۵۱ | ۲۵ی نوامبری ۲۰۱۴ | یەکیەتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد سمینارێکی لەژێر ناوی" ڕۆژهەڵات مێحوەری: پرەنسیبێک بۆ بووژاندنەوەو یەکخستنی خەبات لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداریی نوێنەرانی کۆمەڵێک حیزب و لایەنی سیاسی یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێکخراوی مەدەنیی بەشەکانی باشوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کوردستان لە " هوتێل چوارچرا" ی هەولێر بەڕێوە برد. |  |
| ۵۲ | ۲۵ی نوامبری ۲۰۱۴ | دنیای منداڵان ژمارە ۱۴۹ ،گۆڤاری مانگانەی منداڵانە کە ناوەندی منداڵپارێزانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوی دەکاتەوە بە کۆمەڵێک بابەت بڵاوی کرایەوە. |  |
| ۵۳ | ۲۶ی نوامبری ۲۰۱۴ | بەشداریی نوێنەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سوئێد لە سمینارێک بۆ " ئەحمەد شەهید" نوێنەری تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هەڵسەنگاندنی بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، کە لە پارلمانی سوئێد بەڕێوەچوو. |  |
| ۵۴ | ۲۷ی نوامبری ۲۰۱۴ | سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێز خالید عەزیزی بەبۆنەی شەهید بوونی عەتای حاجی مەحموود، کوڕی کاک حەمەی حاجی مەحموود لەبەرەکانی شەڕ دژی داعش دا سەرەخۆشیی لە بەڕێزیان کردوە. |  |
| ۵۵ | ۲۸ی نوامبری ۲۰۱۴ | بە بەشداری بنەماڵە، کۆمەڵێکی زۆر لە هاوڕێیانی سەردەمی پێشمەرگایەتی، ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و سەدان کەس لە کوردانی دانیشتووی وڵاتانی نۆروێژ و سوید، تەرمی پیرۆزی پێشمەرگەی قارەمان و تێکۆشەری ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاک مستەفا خورشیدی ناسراو بە مستەفا مام شەریف، لە شاری شییەن.ی وڵاتی نۆروێژ بە خاک سپێردرا |  |
| ۵۶ | ۲۹ی نوامبری ۲۰۱۴ | پەیامی هاوخەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان لە پیوەندی لە گەڵ نوێترین قوربانییەکانی شەڕ لە گەڵ داعش دا: سڵاو لە گیانی نوێترین شەهیدانی سەنگەری بەرگری لە خاکی کوردستان و سەربەرزی بۆ بنەمالەکانیان. شکان و سەرشۆری بۆ پەلاماردەرانی تیرۆریست. | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۵۷ | ۳۰ی نوامبری ۲۰۱۴ | سیمنارێک لە ژێر ناوی توندوتیژی دژ بە ژنان و خۆراگری ژنی کورد لەورۆدا لە لایەن یەکێتی ژنانی دێموکراتی کوردستان بە بەشداریی بەڕێزان : گوڵاڵە شەرفکەندی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حدک، سیڤ سترۆم لەسەر سەنتری پشتیوانی لە ژنان ، بەڕێز ئینگویل لووندە لێکۆڵەر لە بواری خەتەنەی ئافرەتان، لە نۆروێژ بەڕێوەچوو. |  |
| ۵۸ | ۳۰ی نوامبری ۲۰۱۴ | بەڕێز کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەرنامەی" پرسی ڕۆژ"ی تەلەڤزیۆنی کوردکاناڵ دا بە توندی ڕەخنە لە لێدوانەکانی نوینەری هەرێمی کوردستان لە تاران دەگرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێ: "حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵوێست و لێدوانەکانی نازم دەباغ، بە هەڵوێست و روانینی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتیی هەرێم لێک ناداتەوە. |  |
| | | | |
| | | سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا | |





https://serchawe.com




**ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی**

| لاپەڕەی : ١ | | مانگی دێسامبری : ٢٠١٤ | Page : 1 |
|---|---|---|---|
| ١ | ١ی دێسامبری ٢٠١٤ | پەیامی پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زیندانیانی سیاسیی مانگرتوو لە زیندانی ورمێ و داوای بە هاناوە هاتنی ناوەندەکانی داکۆکیکار لە مافەکانی مرۆڤ. | |
| ٢ | ١ی دێسامبری ٢٠١٤ | بەرێز کاوە ئاهەنگەری، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کاروباری یەکێتی ئوروپا، لەگەڵ ریچارد هازلۆود ( Richard Hazlewood) راوێژکاری سیاسی گروپی کۆنسێرڤاتیڤ و رێفۆرمیستی پارلمانی ئوروپا دیداری پێک هێنا. | |
| ٣ | ١ی دێسامبری ٢٠١٤ | سمینارێک لە ژێر ناوی لێکدانەوەی لایەنە جیاجیاکانی پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران لە لایەن عومەر باڵەکی ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی حیزب بەڕێوەچوو. |  |
| ٤ | ٥ی دێسامبری ٢٠١٤ | کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان،بەمەبەستی روونکردنەوەی زیاتری سیاسەت و هەڵوێستەکانی ئێستای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، کۆبوونەوەیەک بۆ ئەندامانی حیزب لە شاری هەولێر پێک هێنا. |  |
| ٥ | ٥ی دێسامبری ٢٠١٤ | دیدارێکی دۆستانە لە نێوان بەرپرسانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پارتی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی بریتانیا رێکخرا. ئەم دیدارە بۆ نوێژەن کردنەوەی پەیوەندی دۆستانەی دێرینی نێوان هەردووک حیزب و هەروەها باس و خواس سەبارەت بە رووداوەکانی ناوچەکە ئەنجام درا. |  |
| ٦ | ٥ی دێسامبری ٢٠١٤ | بە بەشداری ئەندامانی حەوت حیزب و رێکخراوی رۆژهەڵاتی کوردستان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان، نوێنەری حیزبەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و کوردانی دانیشتوویی ئۆسلۆ، خۆپێشاندانێک بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی زیندانیانی سیاسی کوردی رۆژهەڵات لە نێو زیندانی ناوەندی ورمێ کە ئەو مانگرتنە پێی ناوەتەوە ١٦ رۆژ، بەرێوەچوو. |  |
| ٧ | ٦ی دێسامبری ٢٠١٤ | رۆژنامەی کوردستان ژمارە ٦٤٥، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە کۆمەڵێک بابەتی سیاسی، راگەیێندرا و بەیاننامە رەسمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی کومیتە و ئۆرگانەی حیزب لە دەرەوە وڵات و چەندین بابەت و وتاری ئەدەبی رۆشنیری و تایبەت بە پرسی ژنان کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ٨ | ٦ی دێسامبری ٢٠١٤ | بەشداری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بریتانیا لە خۆپێشاندانێک بۆ پشتگیری لە زیندانیە مانگرتووە کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان، کە ئەوە ماوەی زیاتر لە ١٧ رۆژ مانیان گرتووە، کە لە بەردەم دەفتەری سەرۆک وەزیرانی بریتانیا رێکخرا بوو. |  |
| ٩ | ٧ی دێسامبری ٢٠١٤ | لە شاری بێرن و بە بەشداری زۆرینەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سوئیس و کاک مەسعود رەواندووست ئەندامی رێبەری حیزب، و هاورێیەتی کاک قادر محەمەد گوڵ کۆنفرانسی کۆمیتەی گشتی حیزبی ێیموکراتی کوردستان، کە بە کۆنفرانسی شەهیدان هەژار قاسمی و رەسوڵ لیلانەی ناودێر کرابوو لەو وڵاتە بەرێوەچوو. |  |
| ١٠ | ٧ی دێسامبری ٢٠١٤ | لە چوارچێوە و لە درێژەی بەرجەستە کردنەوەی سیاسەتی رۆژهەڵات تەوەری دا، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکی یەک رۆژە دا، هەڵسەنگاندنێکی تێروتەسەلی بارودۆخی سیاسیی ئێران و دووره دیمەنی ئاڵوگۆڕ و پێشهاتە سیاسییەکان لەو وڵاتە دا کرد. |  |
| ١١ | ٨ی دێسامبری ٢٠١٤ | بەشداریی بەرێز مەولوود سوارە نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان لە بریتانیا، لە سمینارێک لە ژێر ناوی داوای بە پەلە بۆ یارمەتی بۆ کوردستان لە لەندەن بەرێوەچوو. |  |
| ١٢ | ٩ی دێسامبری ٢٠١٤ | لە سەر بانگهێشتی فەرمی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەیئەتێکی کۆمیتەی واشنگتۆنی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە بەرێزان خەبات ئیبراهیم پوور بەرپرسی کۆمیتە و هاورێیەتی جەمال مەحمووزادە ئەندامی کومیتە و خاتوو نەسرین کەریمی و سلێمان عەزیزی، ئەندامانی حیزب، |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٣ | ١٠ی دێسامبری ٢٠١۴ | بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی بەندییە سیاسیەکانی گرتووخانەی ورمی، کۆمیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک خۆپیشاندانیکیان لە بەردەم پەرلمانی دانمارک وەرێ خست. لەم خۆپیشاندانە دا کە ویڕای ئەندامانی حیزب، ژمارەیەک لە کوردانی هەر چوار بەشی کوردستان بەشداربوون، |  |
| ١۴ | ١٠ی دێسامبری ٢٠١۴ | شاندێکی یەکیەتیی لاوان بە سەرپەرەستیی پێشەوا عەلی پوور، سکرتێری گشتیی ئەو ڕێکخراوەیە سەردانی بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانیان لە شاری هەولێر کردو لەلایەن سۆکۆڵ کەندی، نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە شاری هەولێرو زەیتۆ سیانی بەرپرسی ئۆفیسی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشوازییان لێکرا. |  |
| ١۵ | ١٠ی دێسامبری ٢٠١۴ | لەمیانەی دیدارێکدا لە بەرنامەیەکی تایبەت لە کورد کاناڵ کە تایبەت بە ساڵرۆژی شەهید بوونی ۵ کادری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئامادەکرابوو کە لە ١٧ی سەرماوەزی ١٣٧٦ی هەتاویدا، بەڕێز مستەفا مەولوودی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات بە ئاماژە بەو تێرۆرانەی کۆماری ئیسلامی لە خاکی هەرێمی کوردستان کردوونی، دەڵێ لە ڕوانگەی ئیمەوە پەروەندەی هەموو ئەو تێرۆرانە کراوەن. |  |
| ١۶ | ١٣ی دێسامبری ٢٠١۴ | بەبۆنەی ٢۶ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستانەوە، رێورەسمێک بە بەشداری ئەندامانی حیزب لە شاری ڤێستروس و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە بنەماڵەی دۆستان و لایەنگرانی حیزب، لە یەکێک لە ساڵۆنەکانی ئەو شارە بەرێوە چوو. |  |
| ١٧ | ١٣ی دێسامبری ٢٠١۴ | بەڕێز کاک خالیدی عزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکرات و هاوڕێ مەولوود سوارە ئەندامی ڕێبەری حیزب لە شاری بیلی سوئیس بۆ دیدار و چاوپێکەوتن لە گەڵ بەشێک لە ئەندام و دۆستانی حیزب لەم وڵاتە کۆبۆوە. |  |
| ١٨ | ١٣ی دێسامبری ٢٠١۴ | بە دەست پێشخەری کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەوڵاتی سوئیس، کومەلەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەلەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران، کانونی پەنابەرانی ئیرانی و دایکانی ئازادی، سمنیارێک بە بۆنەی ڕۆژی جهانی مافی مرۆڤ لە شاری زوریخ،ی وڵاتی سویس پێکهات |  |
| ١٩ | ١٣ی دێسامبری ٢٠١۴ | هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە سەرپەرستی بەڕیز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزب و هاوڕێیەتی بەڕێزان مەولوود سوارە ئەندامی ڕیبەری و عەزیز ئەحمەدی بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی حیزب لە سویس و زاهید شاعیری بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی سویس، بەشداری کۆبوونەوەی شۆڕای ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیستیان کرد، |  |
| ٢٠ | ١٣ ی دێسامبری ٢٠١۴ | لە پەراوێزی کۆبوونەوەی ئیجلاسی ئەنتەرناسیۆناڵ سوسیالیست لە ژنێڤ، سکرتێری حیزب کاک خالید عزیزی لەگەڵ سکرتێری ئەنجوومەنی نیشتیمانی سووریە "هادی البحری" چاویان پێک کەوت و کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندی دار بە سووریە و ئێرانیان تاوتوێ کرد. |  |
| ٢١ | ١٣ ی دێسامبری ٢٠١۴ | دوای بەشداری هەیئەتێکی پایەبەرزی حیزبی دیمکراتی کوردستان لە کۆبوونەوەی شۆڕای ئەنجومەنی ئینتێرناسیۆناڵی سوسیالیست دا، بەڕێز خالید عەزیزی سکرتری گشتی حیزبی دیموکراتی کردستان، لە بەشداری لە بەرنامەی ڕووداوی ڕۆژهەلات دا، تیشکی خستە سەر بەشداری ئەو هەیئەتەی حیزب و وتەکانی خۆی. |  |
| ٢٢ | ١٣ی دێسامبری ٢٠١۴ | بەڕیز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەولوود سوارە ئەندامی رێبەری بە هاورێیەتی مامۆستا عەزیز ئەحمەدی و کاک زاهید شاعیری سەردانی تێکۆشەری دێرینی ڕێگای ئازادی و دیموکراسی، بەرێز سارم خانی سادق وەزیری،یان کرد. |  |
| ٢٣ | ١٣ی دێسامبری ٢٠١۴ | هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەمیانەی ئەو دوورۆژەدا توانی بەشێکی بەرچاو لە بەرپرسی حیزب و رێکخراو و دیپلماتەکانی بەشدار لەکۆبونەوەکەدا ببینن و بەتایبەت لەپەیوەندی لەگەڵ پێشل کاریەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران و بەتایبەت کوردستان و مانگرتنی زیندانیانی سیاسی لە ورمێ، تەوەری سەرەکی باس و لێدوانەکان بوو. |  |
| ٢۴ | ١٣ی دێسامبری ٢٠١۴ | لە رێورەسمێکی شایستەداو لەلایەن کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، یەکێتێکانی ژنان و لاوانی دێموکرات لە وڵاتی نۆروێژ بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، رۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بەرێوەچوو. |  |
| ٢۵ | ١٣ی دێسامبری ٢٠١۴ | بەشداری ئەندامانی حیزبی دێموکرات و بنەماڵەکانیان و هێز و لایەنە سیاسیەکان و کوردانی دانێشتوی ئەم ناوچەیە بە مەبەستی رێز گرتن لە ی سەرماوەز رۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە یەکیک لە ساڵۆنەکانی شاری لینشۆپینگ رێز لە خەبات و فیداکاری پێشمەرگەی کوردستان گیرا و هاوکات شەوئاهەنگێکی خنجیلانەیان بەرێوە برد. |  |
| ٢۶ | ١۴ی دێسامبری ٢٠١۴ | کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەندامانی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا چالاکانە لە ڕێکخستن و ئەنجامدانی خۆپێشاندانی کوردستانیانی دانیشتوی ڤانکۆڤێری کانادا بۆ پشتگری و دەربرینی هاوپەیوەندی لە زیندانیانی سیاسی مانگرتوو لە زیندانی ورمێ بەشدارانیان کرد. |  |

سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

| | | | |
|---|---|---|---|
| ۴۳ | ٢٠ی دێسامبری ٢٠١۴ | ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی مەریوان بە چالاکیی تەبلیغی یاد و بیرەوەریی ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بەرز ڕاگرت. |  |
| ۴۴ | ٢١ی دێسامبری ٢٠١۴ | هەیئەتێکی کۆما جڤاکێن کوردستان بە سەرپەرستیی فەرهان ئامانج و هاوڕێیەتی بوشرا عەلی و جەماڵ ئەرداڵ سەردانی سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستانی کردو لەلایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕات بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبەوە پێشوازییان لێکرا. |  |
| ۴۵ | ٢١ی دێسامبری ٢٠١۴ | یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕێوڕەسمیکی بە بۆنەی شەوی یەلداو لە دایکبوونی شەهید دوکتور قاسملوو بە بەشداریی سەدان کەس لە لاوان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزب و میوانە بانگکراوەکان لە ڕێگای دوور و نزیکەوە بەڕێوە برد. |  |
| ۴۶ | ٢١ی دێسامبری ٢٠١۴ | بەشداری هەیئەتێکی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆبونەوەیەک کە بە مەبەستی ئاشکرا کردنی و دەست بەکار بوون و دامەزراندنی پارتی ئازادی کوردستانی باکوور ( پاک) کە لە شاری برۆندبی وڵاتی دانمارک پێک هات . |  |
| ۴۷ | ٢١ ی دێسامبری ٢٠١۴ | ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ۶۴۶ ، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە چەندین بابەتی سیاسی، بەتاننامە و ڕاگەیەندراوە فەرمییەکانی حیزب، هەواڵی کاروچالاکی کومیتە، ئۆرگان و ڕێکخراوەکانی حیزب لە ناوخۆ و دەرەوەی و وڵات و کۆمەڵێکی باس و بابەتی ئەدەبی، ئابووری، مێژوویی و کلتووری،یەوە کەوتە بەر دیدەی خوێنەرانی. |  |
| ۴۸ | ٢١ی دێسامبری ٢٠١۴ | یەکیەتیی لاوانی دێموکڕاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەبۆنەی شەوی یەڵدا ڕێوڕەسمێکی لە شاری قەڵادزێ لە باشووری کوردستان بەڕێوەبرد.بە بەشداریی دەیان کەس لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوانو ئەندامانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانو کەسانی میوان یادو بیرەوەریی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا. |  |
| ۴۹ | ٢٣ی دێسامبری ٢٠١۴ | هەر دوو کۆمیتە ناوچەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، و حیزبی دێموکرات مەسیحی لە پارێزگای ئۆستفۆڵدی نۆروێژ دانیشتنیکی دۆستانەیان لە سەر داوایی حیزبی دێموکرات مەسیحی نۆروێژ لەو پارێزگایە پیکهێنا. |  |
| ۵۰ | ٢۴ی دێسامبری ٢٠١۴ | قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "وشە" دەڵێ : ئەمن بە خراپی دەزانم هەر حیزب و لایەنێک بیەوێ بڵێ من مانگرتنەکەم ڕێکخستووە یان لەسەر داوای من کۆتایی پێهاتووە. |  |
| ۵۱ | ٢۴ی دێسامبری ٢٠١۴ | هەیئەتێکی سەرکردایەتیی پارتی دێموکراتی کورد لە سووریە ئەلپارتی بە سەرپەرستەی "بێهجەت بەشیر"، ئەندامی سەرکردایەتی ئەلپارتی سەردانی بارەگای دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان کرد کە لەلایەن هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە سەرپەرستیی مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری حیزب پێشوازییان لێ کرا. |  |
| ۵۲ | ٢٧ی دێسامبری ٢٠١۴ | دنیای منداڵان ژمارە ١٥٠ ، گۆڤاری مانگانەی منداڵانە کە ناوەندی منداڵپارێزانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوی دەکاتەوە بە کۆمەڵێک بابەت بڵاوی کرایەوە. |  |
| ۵۳ | ٢٨ی دێسامبری ٢٠١۴ | یەکیەتی ژنانی دێموکرات، یەکیەتی لاوانی دێمۆکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆمیتەی ح.د.ک لە وڵاتی سوئیس، ڕێوڕەسمێک لە سەر گڵکۆی ئەو تێکۆشەرە بە بۆنەی پێنجەمین ساڵەوەگەڕی کۆچی نابەوەختی هاوڕێ تێکۆشەر و خەباتکاری خۆشناوی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، کاک تەها عەتیقی دا، بەڕێوەچوو. |  |
| ۵۴ | ٢٨ ی دێسامبری ٢٠١۴ | لە کۆبوونەوەی نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکان یەک لەوان حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دا چوار پرسی ڕۆژهەڤی کوردی تاوتوێ کران. |  |
| ۵۵ | ٢٩ی دێسامبری ٢٠١۴ | دوکتور مەحمود عوسمان لە وتووێژ لەگەڵ مەنسور مروەتی، بەڕێوەبەڕی بەرنامەی شرۆڤەی هەواڵ لە کوردکاناڵ جەختی کردەوە کە دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو ڕێبەرێ کورداں و سەکردەیەکی نەتەوەیی کورد بووە، بۆیە هاتنی سەحرارووەی بۆ باشووری کوردستان تەوهینە بە هەموو کوردان. |  |
| ۵۶ | ٣١ی دێسامبری ٢٠١۴ | کۆمیسیۆنی پەروەردە و فێرکردنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ باس لەسەر دوو پرسی سیاسیی ڕۆژەڤی ئێران و کوردستان سمینارێکی بۆ دوو ئەندامی ڕێبەریی حیزب، حەسەن شێخانی و مەنسوور مروەتی بەبەشداریی دەیان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات پێکهێنا. |  |
| ۵۷ | ٣١ی دێسامبری ٢٠١۴ | بە بۆنەی هاتنی ساڵی ٢٠١۵ی زایینیەوە، لە لایەن خۆمان و گشت هاوڕێ و هاوکارانمان لە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، جوانترین و ڕازاوەترین پیرۆزباییەکانی خۆمانتان ئاراستە دەکەین. |  |
| ۵۸ | ٣١ی دێسامبری ٢٠١۴ | پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ساڵی نوێی زایینی: بەبۆنەی دەسپێکی ساڵی نوێی زایینی پیرۆزبایی بە هەموو مەسیحییەکانی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی دەڵێم. هیوادارم ساڵی ٢٠١٥ ی زایینی ساڵی ئاشتی و برایەتی و پێکەوەژیانی سەرجەم پێکهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ. |  |
| | | سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد و حدک میدیا | |

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com







سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com